جۆن مێرشایمێر

# ڕیالیزمی بونیادی

بەعەرەبی کردنی : دیما ئەلخەزرا

بەکوردی کردنی: زێیار عزیزخان مهاجیر

کاروان
KARWAN
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

## ناسنامەی کتێب:

| | |
|---|---|
| نـــــــــاوی کتێـــــب: | ڕیالیزمی بونیادی (ڕیالیزمی نوێ) |
| ناوی نووســـــــــەر: | جۆن میرشایمێر |
| بە عـــــەرەبی کردنی: | دیما ئەلخەزرا |
| بە کـــــوردی کردنی: | زیبار عەزیزخان مهاجر |
| نەخشەسازی نـاوەوە: | زیبار عەزیزخان مهاجر |
| نەخشەسـازی بەرگ: | بەرەکات قورتاس |
| بـــــڵـــاوکـــــــار: | نووسینگەی کاروان |
| نـۆرە و ساڵی چـــاپ: | یەکەم، ٢٠٢٢ز |
| تـــیـــــــــــراژ: | ١٠٠٠ دانە |

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (١٠٥٨)ـــی ساڵی (٢٠٢٠)ـــی پێدراوە.



ناونیشان: دیانا – سۆران – کوردستان (شەقامی گشتی). بۆ پەیوەندی کردن:

Karwancenter18@gmail.com ٠٧٥٠٢٢٨٢٩٩٥

## ناوەڕۆك


پێشەکی وەرگێڕ ٦

پێشەکی  نووسەر ١٣

بۆچی دەوڵەتان هەوڵی بەدەستهێنانی هێز دەدەن؟ ٢١

ئەندازەی ئەو هێزە چەندە کە

پێویستە دەوڵەت هەیبێت؟ ٣٣

هۆکاری جەنگی نێوان زلهێزەکان چییە؟ ٥٢

توێژینەوەی ئەم نموونەیە: ئایا چین دەتوانێ ئاشتیانە لە

بەهێزبوونی خۆی بەردەوام بێ؟ ٧٥

دەرئەنجام ٩٣

## بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

## پێشەکی وەرگێڕ

بواری سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، یەکێکە لەو بوارە مرۆییانەی کە بەردەوام لە نوێبوونەوەدان، چەمك و پرسە سیاسییەکان مانا و چوارچێوە و بنەمای دیاریکراو و چەقبەستوویان نییە، بەڵکو بەپێی تێڕوانینەکان لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە دەگۆڕدرێت.

سیاسەت و سیستەم و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، بوونە جێی بایەخی زیاتر، بەتایبەت لە دوای ڕوودانی هەر دوو جەنگی گەورە وێرانکەر، کە یەکەمیان جەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٤ – ١٩١٨)، دووەمیشیان جەنگی دووەمی جیهانی (١٩٣٩ – ١٩٤٥) بوو، لە دەرئەنجامدا وەرچەرخانێکی مەزن ڕوویدا، کە خۆی بینیوە لە کۆتایی هاتنی سیستەمی دووجەمسەری جیهانی و کۆتایی هاتنی جەنگی سارد و ڕووخانی یەکێتی سۆفیەت، گۆڕانی سیستەم بۆ تاکجەمسەری، کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەرکردایەتی

دەکات، ئەمانە و چەندین هۆکاری تر وایان کرد بیریاران دووبارە هەوڵی داتاشینی تیۆری نوێ بدەن، بۆ شرۆڤەی سیاسەتی نێودەوڵەتی و جۆری سیستەم، و لێکۆڵینەوە لەو هۆکارانەی پاڵ بە دەوڵەتانەوە دەنێن بۆ زیادکردنی هێزی خۆیان لە بەشە هێزی نێودەوڵەتی.

لەبەر ئەوە تیۆرەکان ڕۆڵێکی بەرچاویان بینی لە شرۆڤەی پرس و بابەتە سیاسی و نێودەوڵەتییەکان، تیۆری ڕیالیزمی بونیادی (ڕیالیزمی نوێ)، وەك نەوەیەکی تازە و فۆڕمێکی نوێ لە ڕیالیزمی کلاسیك لەلایەن (کینز واڵتزەوە) داهێنرا. لە سۆنگەی گرنگی ئەم تیۆرە، کە بەهۆی گریمانەکانیەوە دەتوانرێ شرۆڤەی بەشێك لە پرسە سیاسی و سیستەمییەکان بکرێ، کە بە تیۆرەکانی پێش خۆی نەکراوە، بۆیە بڕیارمدا ئەم کتێبە وەربگێڕمە سەر زمانی شیرینی کوردی، کە لە یەك کاتدا بەراوردی دانە عەرەبی و ئینگلیزیەکەم کردووە، بۆ زیاتر دڵنیابوونەوە لە گواستنەوەی مەبەستی نووسەر بۆ خوێنەر.

دواتر ئەم کتێبە لە بنەڕەتدا بەشێکە لە کتێبێکی کۆکراوە، کە هەر بەشێك لەلایەن نووسەرێکەوە نووسراوە، هەر یەکە لە (تیم دان، میلیا کورکی و ستیڤ سمیس) لە دوو توێی کتێبێکدا کۆیان

کردۆتەوە، لە ژێر ناونیشانی (تیۆرەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، تایبەتمەندی و جۆراوجۆرێتی)، ئەم کتێبە کە بەشێکە لە کتێبی ناوبراو، لەلایەن بیریاری ناودار (جۆن مێرشایمەر)ەوە نووسراوە، کە خۆی یەکێکە لە بیریارانی قوتابخانەی ڕیالیزم و ڕێبەری ئاڕاستەی ڕیالیزمی هێرشخوازە و کینز والّتزیش ڕێبەری ئاڕاستەی ڕیالیزمی بەرگریخوازە.

هەر تیۆرێك جۆرێك لە خوێندنەوە و شرۆڤە بۆ پرسەکان پێشکەش دەکەن، ئەم تیۆرە دەتوانێت خوێندنەوەیەکی جیاواز پێشکەش بکات سەبارەت بە پرسەکان، بە بەراورد بە تیۆری ڕیالیزمی کلاسیك، بۆیە ناساندن و شیکردنەوەی ئەم تیۆرەم بەپێویست زانی، بۆ ئەوەی بتوانین بەلایەنی کەم بزانین لە جیهاندا چی دەگوزەرێ؟ دەوڵەتان چۆن مامەڵە دەکەن؟ هێز ئامرازە یان ئامانج؟ لێکەوتەکانی پشێوی سیستەمی نێودەوڵی چین؟ بۆچی زلهێزان لە دەرکەوتنی زلهێزی دیکە دەترسن؟ ئەمانە و چەندین پرس و بابەتی تر دەکرێ لە میانەی ئەم تیۆرە بەهێزەوە خوێندنەوەی بۆ بکەین.

بەهیوای ئەوەی توانیبێتم بە وەرگێڕانی ئەم کتێبە خزمەتێك پێشکەش بە خوێنەران بکەم، بەتایبەت شەیدایانی بواری سیاسەت

و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، کەلێنێکیش لە کتێبخانەی کوردی پڕ بکەمەوە.

لەکۆتاییدا دەمەوێت سوپاس و پێزانینێکی زۆر تایبەت ئاڕاستەی برای بەڕێز و خۆشەویستم کاك (دارەوان شەهید عادل مهاجر) بکەم، کە ئەرکی لە چاپدانی ئەم کتێبەی لەئەستۆگرت. هیوادارم لەم کارە خۆبەخشیانەی بەردەوام بێت، خوای گەورە سەرکەوتووی دونیا و دواڕۆژی بکات.

هەروەها دەمەوێت سوپاس و پێزانین خۆم ئاڕاستەی هەر یەکە لە بەڕێزان (م. کاوار مەحمود) بکەم، کە ئەرکیان کێشا بە پێداچوونەوەی ئەم کتێبە، هەروەها سوپاسی هەموو ئەوانە دەکەم کە یارمەتیان داوم لە تەواوکردنی ئەم بەرهەمە ئەگەر بە وشەیەکیش بێ.

زیبار عەزیزخان مهاجر

سۆران

٢٠٢٠/٤/١٢

## رێبەری خوێنەر

ئەم کتێبە[1] لە کۆمەڵە تیۆرێکی ڕیالیزم دەکۆڵێتەوە، کە پێی وایە دەوڵەتان بەشێوەیەکی بەرچاو بایەخ بە هاوسەنگی هێز (Balance of Power)، و ململانێی نێوانیان دەدەن، جا یان بۆ بەدەستهێنانی هێز لەسەر حسابی ئەوانی تر، یاخود بەلایەنی کەمەوە تا دڵنیابن، لەوەی هێزەکەیان لەدەست نادەن. دەوڵەتان بۆیە ئەم کارە دەکەن، چونکە بونیاد و پێکهاتەی سیستەمی نێودەوڵەتی، تەنها چەند بژاردەیەکی کەمیان پێدەدات، ئەگەر ویستیان مانەوە بێت. ئەم ڕکابەرییە لەسەر هێز، دەبێتە هۆی بوونی

---

(1) ئەم کتێبە لە بنەڕەتدا بەشێکە لە کتێبێکی کۆکراوە، کە هەر بەشێکی لەلایەن کەسێکەوە نووسراوە، ئینجا (تیم دان، میلیا کورکی و ستیڤ سمیس) لە دوو توێی کتێبێکدا کۆیان کردۆتەوە، لە ژێر ناونیشانی تیۆرەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، تایبەتمەندی و جۆراوجۆرێتی (International Relations Theories, Discipline And Diversity)، کە لە پێشەکییەك و شازدە بەش پێکهاتووە، لە هەر بەشێکدا شرۆڤەی تیۆرێکی کردووە.

جیهانێکی مەترسیدار، کە هەندێك جار دەوڵەتان جەنگ لەگەڵ یەکتر دەکەن. و سەرباری ئەمە، لێرەدا جیاوازی گرنگ هەن لە نێوان ڕیالیستە بونیادگەراکان [١]. بەتایبەت ڕیالیستە بەرگریخوازەکان (Realists Defensive) بۆچوونیان وایە، کە هۆکارە بونیادییەکان ئەندازەی ئەو هێزە دیاری دەکات کە پێویستە دەوڵەتان بەدەستیبهێنن، ئەمەش کار دەکاتە سەر کەم کردنەوەی شوێنەواری نەرێنی ڕکابەرییە ئاسایشییەکان. هەرچەندە ڕیالیستە هێرشخوازەکان (Offensive Realists) جەخت لەسەر ئەوە

---

(١) ئێمە لێرەدا چەمکی بونیادی بەکاردەهێنین، وەك دانە پاڵ بونیاد، واتە بونیاد یان بنیاتی سیستەم یان پێکهاتەی نێودەوڵەتی. بونیادی هێزی دەوڵەت، ئەمەش وەك وەرگێڕانی چەمکی (structure) کە بەمانای پێکهاتە یان بونیاد دێت، نەوەك بە مانای فەلسەفەی بونادگەریی کە وەرگێڕدراوی چەمکی (structuralism)ـە، کە بەدانە پاڵی دەبێتە (structuralist) نەوەك (structural)، دەتوانرێ چەمکی (ڕیالیزمی پێکهاتەیی، یان واقیعگەرایی پەیکەربەندی) وەك هاومانای (ڕیالیزمی بونیادی بەکاربهێنرێ، کە ناونیشانی ئەم کتێبەیە. جیاوازی لە نێوان ئەم دوو چەمکە بونیادی و فەلسەفەی بونیادگەرایی زۆر وردە، بەڵام زۆریش گرنگە، ئینجا لەبەر وێکچوونی هەر دوو دەربڕینەکە لە زمانی عەرەبیدا، ئەوا پێویست ئەم سەرنجە بخەمەڕوو [وەرگێڕی عەرەبی].

دەكەنەوە، كە بوونیادی سیستەمی نێودەوڵەتی، هانی دەوڵەتان دەدات بۆ گەورەكردن  و زیادكردنی بەشە هێزی خۆیان لە هێزی جیهانی تا ئەوپەڕی لوتكە، بە جۆرێك كە هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی هەژموونداری لەخۆدەگرێت، ئەمەش بەلای توندبوونی زیاتری ڕكابەری ئاسایشیدا دەچێت. ئەم شیكردنەوەیەی دواتر لە دەوری چوار پرسیار دەخولێتەوە. بۆچی دەوڵەتان هێزیان دەوێ و بەدوای هێزەوەن؟ ئەندازەی ئەو هێزە چەندە كە دەوڵەتان دەیانەوێت؟ هۆكارەكانی ڕوودانی جەنگ چین؟ ئایا چین دەتوانێت ئاشتیانە لە بەهێزبوونی خۆی بەردەوام بێت؟ (ئەمە نموونە تاوتوێكراوەكەمان دەبێت).

## پێشەکی نووسەر

ڕیالیستەکان (واقیعگەراکان) پێیان وایە، کە هێز بریتییە لە دراوی سیاسەتی نێودەوڵەتی. لە لێکدانەوەی ڕیالیستەکاندا، زلهێزەکان ڕۆڵگێڕ (ئەکتەر)ی سەرەکین، کە زۆر گرنگی دەدەن بە ئەندازەی هێزی ئابووری و سەربازی هەر یەکێکیان بەراورد بە ئەویتریان. گرنگە دەوڵەتان نەك تەنها بە ئەندازەی پێویست هێزیان هەبێت، بەڵکو دەبێ هێزەکەیان بە ئەندازەیەك بێت، کە دڵنیابن لەوەی دەوڵەتانی دیکە بە شێوەیەکی تێبینیکراو، هاوسەنگی هێز لە بەرژەوەندی خۆیان نەگۆڕن. هەروەها ڕیالیستەکان پێیان وایە، کە سیاسەتی نێودەوڵەتی هاوواتای سیاسەتی هێزە.

سەرباری ئەمە، لێرەدا ڕای جیاوازی گەورە هەن لە نێوان ڕیالیستەکاندا، ئەم دابەشبوونە بنەڕەتییە لە نێوانیاندا، لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە سادە و گرنگە لە یەك کاتدا ڕەنگ دەداتەوە، ئەویش ئەوەیە: بۆچی دەوڵەتان هێزیان دەوێت و بەدوای هێزەوەن؟ بەپێی ڕووانگەی ڕیالیستە کلاسیکییەکانەوە، هاوشێوەی

هانس مۆرگانسۆ[١]، وەڵامەکەی بریتییە لە سروشتی مرۆڤ. بەشێوەیەکی کرداری، هەر کەسێك کە لە دایك دەبێت، ویستێکی چێنراو لە پێکهاتەیاندا هەیە[٢] بۆ بەدەستهێنانی هێز. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە زلهێزەکان لەلایەن کەسانێکەوە بەڕێوەدەبرێن، کە سوورن لەسەر ئەوەی دەوڵەتانیان زاڵبن بەسەر ڕکابەرەکانیان. و هیچ شتێك ناکرێت بۆ گۆڕینی ئەم پاڵنەرەی کە دەیەوێت دەوڵەت زۆر بەهێز ببێت. دەکرێت زانیاری زیاتر سەبارەت بە ڕیالیزمی کلاسیکی لە بەشی دووەمدا بەدەست بخەن.

ڕیالیستە بونیادییەکان (واتە: خاوەن ڕایانی ڕیالیزمی بونیادی)، هەروەك هەندێك جار پێیان دەوترێت ڕیالیزمە نوێیەکان، بۆچوونیان وایە خودی سروشتی مرۆڤ پەیوەندییەکی کەمی هەیە، بەو هۆکارەی کە لە پێناویدا دەوڵەتان دەیانەوێت هێز بەدەستبهێنن. لەکاتێکدا پێکهاتە و بونیادی سیستەمی نێودەوڵەتی، یان نەخشەی بونیادی

---

(١) Hans J. Morgenthau, Politics among nations: The Struggle for power and peace (New York: Alfred A. Knop F. 1948).

(٢) ویستێکی زگماکیان هەیە، ئەوانەی کە باوەڕدارن دەڵێن ویستێکی خوارسکیان هەیە، بەڵام ئەوانەی سروشتگەران دەڵێن خۆرسك (وەرگێڕی کوردی).

سیستەمی نێودەوڵەتی دەوڵەتان ناچار دەکات، کە تێبکۆشن بۆ بەدەستهێنانی هێز. لە سیستەمێکدا کە دەسەڵاتێکی باڵا نییە، سەرپەرشتی زلهێزەکان بکات، هیچ شتێك نییە کە دڵنیایی و دەستەبەری ئەوە بکات، کە دەوڵەتێك هێرش نەکاتە سەر یەکێکی تر، بۆیە ژیرانەیە کە هەر دەوڵەتێك تا ئاستێك بەهێز بێت، کە بتوانێت لەو کاتەی هێرشی دەکرێتەسەر خۆی بپارێزێت. پوختەکەی ئەوەیە کە زلهێزەکان لە قەفەسێکی ئاسنیندا گەمارۆ دراون، جگە لە چەند بژاردەیەکی کەم نەبێت هیچی تریان لەبەردەست نییە، ئەویش خۆی دەبینێتەوە لە ڕکابەری کردن لەگەڵ یەکتری، لە پێناو بەدەستهێنانی هێز ئەگەر ویستیان مانەوە بێت.

تیۆرەکانی ڕیالیزمی بونیادی (پێکهاتەیی)، جیاوازییە کەلتوورییەکان لە نێوان دەوڵەتاندا فەرامۆش دەکات، بەهەمان شێوە جۆرەکانی ڕژێمی حوکمڕانی پشتگوێ دەخات، ئەمەش بەشێوەیەکی بنەڕەتی لەبەر ئەوەی سیستەمی نێودەوڵەتی هاندانە سەرەکییەکان بۆ هەموو زلهێزەکان دروست دەکات. جا هیچ جیاوازی نییە دەوڵەتەکە دیموکراسی بێت یان تاکڕەوانەی خۆسەپێن، ئەمە بایەخێکی زۆر کەمی هەیە، کاتێك پرسەکە پەیوەست دەبێ، بەوەی چۆنیەتی مامەڵەکردنی دەوڵەت لەگەڵ دەوڵەتانی تردا. هەروەك تا

ئەو ئاستە گرنگ نییە کە کێ بەرپرسە لە بەڕێوەبردنی سیاسەتی دەرەکی دەوڵەت. ڕیالیستە بونیادییەکان وا مامەڵە لەگەڵ دەوڵەتان دەکەن، وەك ئەوەی سندووقێکی ڕەش بن، واتە: گریمانەی ئەوە دەکرێت کە هاوشێوەی یەکتر بن، جگە لەوەی کە پەیوەستە بە ڕاستیەکەوە، کە هەندێك لە دەوڵەتان بەهێزترن یان لاوازترن لە هەندێك دەوڵەتی دیکە.

لێرەدا دابەشبوونێکی تەواو هەیە، لە نێوان ڕیالیستە بونیادییەکان، ئەویش لە وەڵامدانەوەی پرسیاری دووەم خۆی دەبینێتەوە، کە پەیوەستە بە ڕیالیستەکان، ئەویش ئەوەیە: ئایا ڕادەی ئەو هێزە چەندە کە دەوڵەت پێویستە هەیبێت؟ ڕیالیستە بەرگریخوازەکان (Defensive realists) وەك: کینز والتز[1] (١٩٧٩)، کە کتێبەکەی وەك دەقێك تاوتوێ دەکەین، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دانایانە نییە بۆ دەوڵەتان، هەوڵی زیادکردنی بەشە هێزی خۆیان بدەن لە هێزی جیهانی تا ئەوپەڕی لوتکە، چونکە سیستەمی جیهانی سزایان دەدات، ئەگەر هاتوو

(1) Kenneth N. Waltz, Theory of International Politics (London: McGraw-Hill; New York: random House; Reading, MA: Addison-Welsy,1979).

هەوڵی بەدەستهێنانی ئەندازەیەکی گەورەتر و زیاتریاندا لەوەی کە پێویستیانە. و ڕیالیستە بەرگریخوازەکان تاوتوێی ئەوە دەکەن کە هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی هەژموونداری، تا ئاستێکی مەزن کارێکی سەرەڕۆیانەیە. هەرچی ڕیالیستە هێرشخوازەکانن ( Offensive realists) وەك: جۆن مێرشایمێر[١]، ڕووانگەیەکی پێچەوانە دەگرنەبەر، ئەوان جەخت لەوە دەکەنەوە کە لە ڕووی ستراتیژیەوە کارێکی دانایانە، کە دەوڵەتان ئەوەندەی لە تواناییاندا بێت، هەوڵی بەدەستهێنانی هێز بدەن، ئەگەر بارودۆخیشیان بۆ بڕەخسێت، ئەوە هەوڵی بەدەستهێنانی هەژموونداری بدات. پرسەکە لێرەدا ئەوە نییە کە سەرەوەری یان زاڵبوون لە خودی خۆیاندا چاکن، بەڵکو پرسەکە ئەوەیە کە بەدەسهێنانی هێزێکی مەزن و زەبەلاح، چاکترین ڕێگایە کە بەهۆیەوە دەوڵەت مانەوەی خۆی دەستەبەر دەکات. ڕیالیستە کلاسیکیەکان پێیان وایە، کە هێز لە خودی خۆیدا ئامانجە، بەڵام ڕیالیستە بونیادییەکان ڕایان وایە، کە هێز ئامرازە بۆ گەیشتن بە ئامانج، ئامانجی کۆتاییش بریتییە لە مانەوە.

---

(١) John J. Mearsheimer, The Tragedy of Geart Power Politics (New York: Norton Books, 2001).

هێز لەسەر توانا ماددییەکان دامەزراوە، کە دەوڵەت بەهۆیەوە جڵەوگیری و حوکمڕانی دەکات. هاوسەنگی هێز لە بنەڕەتدا، ئەرکی بوون و توانای بەرجەستەی سەربازییە کە دەوڵەتان هەیانە، بە نموونە: یەکە سەربازییە زرێپۆشەکان و چەکە ناوەکی (ئەتۆمی)ـیەکان (nuclear weapons). و سەرباری ئەمە، دەوڵەتان جۆری دووەمی هێزیان هەیە، ئەویش هێزی شاراوە (نادیارە)، کە ئاماژەیە بۆ پێکهاتە ئابووری – کۆمەڵایەتییەکان، کە دەچنە خزمەت بونیادنانی هێزی سەربازیەوە. هێزی شاراوە پشت دەبەستێت بە سەروەتی دەوڵەت و قەبارەی کۆی ژمارەی دانیشتوانەکەی. هەروەها زلهێزەکان پێویستیان بە پارە (سامان)، تەکنەلۆژیا، تاکەکان هەیە، بۆ بونیادنانی هێزە سەربازییەکان و شەڕکردن لە جەنگ و بەرەکاندا، هێزی شاراوەی دەوڵەت ئاماژەیە بۆ توانای سەرەتایی، کە دەکرێ دەوڵەت پشتی پێببەستێ، لە کاتێك ڕکابەری کردن لەگەڵ ڕکابەرەکانیدا. پێویستە لەم تاوتوێی کردنەوە ئەوە ڕوون بێت، کە جەنگ تاکە ڕێگا نییە، کە دەوڵەتان بتوانن لە میانەیدا هێز بەدەستبهێنن، چونکە دەکرێ دەوڵەتان هێز بەدەستبهێنن، لە ڕێگەی زیادکردنی قەبارەی دانیشتوانی و بەشی

خۆی لە سامانی جیهانی، هەروەك چین بەدرێژایی چەند دەیەیەکی کەمی ڕابردوو ئەم کارەی کرد.

ئێستا با بە وردکارییەکی زۆرتر، قووڵ ببینەوە لە شیکاری ڕیالیستە بونیادییەکان، بۆ ئەو هۆکارەی وا لە دەوڵەتان دەکات کە هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی هێز بدەن، دواتر هۆکاری ڕاجیایی ڕیالیستە بەرگریخوازەکان و ڕیالیستە هێرشخوازەکان دەربخەین، دەربارەی ئەندازەی ئەو هێزەی دەوڵەتان دەیانەوێت. ئینجا باسەکە چڕ دەبێتەوە لەسەر پشکنین و هەڵسەنگاندنی ڕاڤە و شرۆڤەی جیاوازی ڕیالیزمی پێکهاتەیی، لەبارەی هۆکارەکانی دروستبوونی جەنگی نێوان زلهێزەکان. لە کۆتاییدا، ڕۆشنایی دەخەمە سەر ئەم پرسە تیۆریانە لە میانەی نموونەیەك (لێکۆڵینەوە لە کێشەیەك) ئەویش هەڵسەنگاندنی ئەوەیە کە ئایا چین دەتوانێت ئاشتیانە لە بەهێزبوونی خۆی بەردەوام بێت؟

## بۆچی دەوڵەتان هەوڵی بەدەستهێنانی هێز دەدەن؟

لێرەدا شیکردنەوەیەکی سادەی ڕیالیزمی بونیادی (پێکهاتەیی) هەیە، بۆ ئەو هۆکارەی کە وا لە دەوڵەتان دەکات، ڕکابەری بکەن لە نێوان خۆیاندا، بۆ بەدەستهێنانی هێز. ئەویش لەسەر پێنج گریمانەی ڕوون و ڕاشکاو دامەزراوە، کە پەیوەستە بە سیستەمی نێودەوڵەتییەوە. هیچ یەکێك لەم گریمانانە بە تەنها پێی وانییە، کە پێویستە دەوڵەتان هێز بەدەستبهێنن لەسەر حیسابی یەکتر. بەڵام لەکاتی بەیەکەوە کۆکردنەوەی ئەم گریمانانە لەگەڵ یەکتردا، ئەوە وێنای جیهانێك لە ڕکابەری ئاسایشی دەکات کە ناوەستێت.

**گریمانەی یەکەم:** زلهێزەکان ئەکتەر و ڕۆڵگێڕی سەرەکین لە سیاسەتی جیهانیدا، لە نێو پێکهاتە و سیستەمێکی[١] بێ سەروبەردا

---

() لەم بەشەدا وشەی پێکهاتە (منظومة)مان بەکارهێناوە بۆ ئاماژەدان بە سیستەم، تا لە سیستەمی گشتی جیا بکرێتەوە، سیستەمی گشتی لێردا واتە ئەندازەی سەلامەتی دۆخی کۆمەڵایەتی – سیاسی، لە ڕووی ئامادەبوونی باڵادەستی دەوڵەت لەسەر دۆخی گشتی و ئەندازەی نائامادەیی گرژی و

(anarchic system) کار دەکەن. ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە سیستەمەکە پشێو و ئاڵۆز (chaos)ـە یان بێ سیستەمە. جا بێ سەروبەری (anarchy) بنەمایەکی سیستەمی گشتییە، بەشێوەیەکی سادە بەو مانایە دێت، کە هیچ دەسەڵاتێکی ناوەندی یان نێوەندگیرێکی باڵای بڕیاربەدەست نییە کە لەسەرووی دەوڵەتانەوە بێ. ئینجا پێچەوانەی بێ سەروبەری (anarchy) بریتییە لە پەیکەربەندی هەرەمی (hierarchy)، ئەمە بنەمای ڕێکخستنە لە سیاسەتی ناوخۆدا.

**گریمانەی دووەم:** ئەوەیە کە هەموو دەوڵەتان، بە ئەندازەیەکی دیاریکراو توانا و هێزی سەربازی هێرشبەریان هەیە، واتە: هەر دەوڵەتێك توانای زیان گەیاندنی بە دراوسێیەکەی هەیە، بەدڵنیایەوە ئەم توانا و هێزە لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی تر جیاوازە، هەروەك ئەمە بەپێی هەر دەوڵەتێك لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر دەگۆڕێت.

**گریمانەی سێیەم:** ئەوەیە کە دەوڵەتان هەرگیز نابێ دڵنیابن، لە نیاز و مەبەستی دەوڵەتانی دیکە. جا دەوڵەتان لە کۆتاییدا دەیانەوێت بزانن، کە ئایا دەوڵەتانی دیکە سوورن لەسەر

---

ناکۆکیەکان، بوونی ئاستێك لە ئارامی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی (وەرگێڕی عەرەبی).

بەکارهێنانی هێز، بۆ گۆڕینی هاوسەنگی هێز (کە دەوڵەتە هەموارخوازەکانن: revisionist states[1])، یان تا ئاستێك پێی ڕازین کە حەزیان نییە لە بەکارهێنانی هێز بۆ گۆڕینی هاوسەنگی هێز (کە دەوڵەتە نەگۆڕخوازەکانن: status quo states[2]). بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە زۆربەی جاران زانینی نیاز و مەبەستی دەوڵەتانی تر بەشێوەیەکی زۆر ورد و دڵنیاکەرەوە ئەستەمە. بە پێچەوانەی توانا سەربازییەکان، نیاز و مەبەستەکان ناکرێ بە ئەزموونی

---

(١) دەوڵەتە هەموارخوازەکان (revisionist states): ئەوانە ئەو دەوڵەتانەن، کە دەیانەوێ هاوسەنگی هێز لە بەرژەوەندی خۆیان بگۆڕن. پێیان وایە قەبارەی ئەوان و مافی ئەوان زیاترە، کەمیان پێدراوە لە بەشە هێز و دەستکەوتەکانی جیهان، بۆیە دژی سیستەمەکەیە، وەك ئێران، کۆریای باکور...هتد. (وەرگێڕی کوردی).

(٢) دەوڵەتە نەگۆڕخوازەکان: (status quo states): ئەوانە ئەو دەوڵەتانەن، کە پێیان وایە هاوسەنگی هێز لە بەرژەوەندی خۆیانە، بۆیە نایانەوێ گۆڕانکاری لە سیستەمەکەدا بکەن، چونکە گۆڕانی هاوسەنگی هێز واتە گۆڕانی سیستەم، گۆڕانی سیستەمیش واتە لێدران لە بەرژەوەندییەکانیان، نموونەی ئەو دەوڵەتانەش وەك: ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و شانشینی یەکگرتوو (وەرگێڕی کوردی).

بزانرێت. چونکە نیاز و مەبەست لە نێو هۆش و عەقڵی بڕیار بەدەستتان دایە، بۆیە درك پێکردنی زۆر سەخت و زەحمەتە.

لەوانەیە یەکێك بێت و وەڵام بداتەوە، بەوەی بڕیاربەدەستان لە گوتار و بەڵگەنامە سیاسییە گشتییەکاندا نیاز و مەبەستیان ئاشکرا دەکەن، بەمەش دەتوانرێت هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت. کێشەی ئەم بۆچوون و بەڵگەیە ئەوەیە، کە بڕیاربەدەستان هەندێك جار درۆ دەکەن سەبارەت بە نیاز و مەبەستی ڕاستەقینەیان، یان دەیشارنەوە. بەڵام تەنانەت ئەگەر ئەمڕۆ بشتوانین نیاز و مەبەستی دەوڵەتی تر بزانین و دیاری بکەین، ئەوە بەدڵنیایەوە هیچ ڕیگەیەك نییە بۆ زانین و دیاریکردنی نیاز و مەبەستەکانی ئایندەیان. جا شتێکی ئەستەمە لە ئێستاوە بزانرێت، کە کێ سیاسەتی دەرەکی لە هەر دەوڵەتێکدا بەڕێوە دەبات لە دوای پێنج یان دەساڵی تر، و تەنانەت ناتوانرێت بشزانرێت کە ئایا ئەو کات نیازی شەڕانگێزانەیان دەبێ یان نا. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە دەوڵەتان دڵنیابن لەوەی کە دەوڵەتی دراوسێیان ئامانجی گۆڕانکخوازیان هەیە، یاخود لە ئایندەدا ئامانجی گۆڕانکخوازیان دەبێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە قسەکە ئەوەیە کە هەرگیز نابێت سیاسەتمەداران، دڵنیابن کاتێك

مامەڵە لەگەڵ دەوڵەتێکی گۆڕانخواز و هەمووارخواز، یان لەگەڵ دەوڵەتێکی نەگۆڕخواز (ڕازی بەو دۆخەی کە هەیە) مامەڵە دەکەن.

**گریمانەی چوارەم:** ئامانجی سەرەکی دەوڵەتان مانەوەیە. دەوڵەتان هەوڵ دەدەن بۆ پاراستنی سەلامەتی خاك و سەربەخۆیی سیستەمە سیاسییە ناوخۆییەکەی، و دەتوانن هەوڵ بدەن بۆ بەدەستهێنانی چەند ئامانجێکی دیکە، وەك: بوژانەوە و گەشەکردن (خۆشگوزەرانی) و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، بەڵام پێویستە هەمیشە ئامانجی مانەوە لە پێشەوەی ئەم ئامانجانە بێت، چونکە ئەگەر دەوڵەت توانای مانەوەی نەبێت، ئەوە ناتوانێت بەرەو بەدەستهێنانی ئامانجەکانی دیکەوە هەنگاو بنێت.

**گریمانەی پێنجەم:** ئەوەی دەوڵەتان ئەکتەر و ڕۆڵگێڕی ژیر و هۆشمەندن، ئەمەش بەو مانایە دێت، کە توانای داهێنانی ستراتیژیەتی سەلامەتیان هەیە، کە گریمانەکانی مانەوەیان زۆرتر بکات. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە ئێمە نکۆڵی بکەین لەوەی دەوڵەتان لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی تر پێشبینی و ئەندازەگیری هەڵە بکات. هەروەها لەبەر ئەوەی دەوڵەتان بە زانیاری ڕێژەیی لە جیهانێکی ئاڵۆزدا کار دەکەن، بۆیە لە هەندێك کاتدا هەڵەی زۆر گەورە دەکەن.

ئەوە دووپات دەکەینەوە، کە هیچ یەکێك لەم گریمانانە بە تەنها پێی وا نییە کە دەوڵەتان ڕکابەری دەکەن، یان پێویستە لە دەوڵەتان لەگەڵ یەکتردا ڕکابەری بکەن، ئەویش لە پێناو بەدەستهێنانی هێز. بەڵام گریمانەی سێیەم بەدڵنیایەوە دەرگا بەکراوەیی بەجێدەهێڵێت، لە بەرامبەر ئەگەری بوونی دەوڵەتێکی گۆڕانخواز (هەموارخواز) لە سیستەمدا. بەڵام ئەم گریمانەیە بە تەنها و دوور لە گریمانەکانی تر، هەرگیز ئەو هۆکارەمان پێ ناڵێت و بۆمان دیار ناکات، کە هانی هەموو دەوڵەتان دەدات، بۆ هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی هێز. جا کاتێك هەموو گریمانەکان بەیەکەوە کۆ دەکەینەوە، ئەو کاتە ئەو بارودۆخانە دەردەکەون کە لە میانەیدا وایلێدێت بە هاوسەنگی هێزەوە سەرقاڵ بن، نەك تەنها ئەمە، بەڵکو دەوڵەتان پاڵنەری بەهێز دەستدەخەن، بۆ ئەوەی هەندێکیان لەسەر حیسابی هەندێکی دیکەیان هێز بەدەستبهێنن.

سەرەتا دەڵێین زلهێزەکان لە یەکتر دەترسن، متمانەیەکی کەم لە نێوانیاندا هەیە. هەروەها دوودڵن سەبارەت بە نیاز و مەبەستی دەوڵەتانی دیکە، ئەمەش لەبەر ئەوەی زۆربەی کات سەختە پێشبینی بکرێت. ترسی زلهێزەکان لەوەدایە کە دەوڵەتێکی دیکە توانای هەبێت لەپاڵ پاڵنەری پەلاماردانیان. جا ئەم مەترسییە لەگەڵ

ڕاستییەك كۆ دەبێتەوە، كە دەوڵەتان لە سیستەمێكی سیاسی بێ سەروبەردا هەماهەنگی و كار دەكەن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، كە لێرەدا هیچ پاسەوانێكی شەوانە نییە، كە بیانپارێزێ كاتێك دەوڵەتی دیكە هەڕەشەیان لێدەكات. كاتێك دەوڵەتێك داوای ژمارەی خزمەتگوزاری لەناكاو دەكات بە مەبەستی داواكردنی یارمەتی و هاوكاری، ئەوە هیچ یەكێك لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا نییە تا وەڵامی تەلەفۆنەكەی بداتەوە.

ئاستی ترس لە نێوان دەوڵەتان لە دۆخێكەوە بۆ دۆخێكی دیكە جیاوازە، بەڵام هەرگیز ناكرێت بۆ ئاستێكی ناژیرانە داببەزێنرێت. بەدەبڕینێكی سادەتر ئەوەیە مەترسییەكان زۆر لەوە گەورەترن كە ڕێگە بە ڕوودانی ئەمە بدەن. سیاسەتی نێودەوڵەتیش بازرگانیەكە لەوانەی كوشندە بێت، چونكە گریمانەی هەڵگیرسانی جەنگ هەردەم لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا ئامادایە، ئەمەش زۆربەی جاران لە ناوە و دەرەوەی گۆڕەپانی جەنگ، بە مانای كوشتنی بە كۆمەڵ دێت، تەنانەت دەكرێت ئەمە سەربكێشێت بۆ وێرانبوونی دەوڵەت.

بەهەمان شێوە، زلهێزەكان ئەوە دەزانن كە ئەوان لە جیهانێكی خۆهاوكار (self-help)دا دەژین، پێویستە لەسەری پشت بە خودی خۆی ببەستێ، لە پێناو مسۆگەركردنی مانەوەی خۆی،

چونکە دەوڵەتانی دیکە مەترسییەکی چاوەڕوانکراو پێکدەهێنن، هەروەها لەبەر ئەوەی هیچ دەسەڵاتێکی باڵا (higher authority) نییە، کە دەوڵەتان پەنای بۆ ببەن، لەو کاتەی پەلاماریان دەدرێت. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە نکۆڵی لە توانای دەوڵەتان بکرێت لە پێکهێنانی هاوپەیمانێتییەکان، کە زۆربەی جاران سوودبەخشە لە مامەڵەکردن لەگەڵ دوژمنە مەترسیدارەکان، بەڵام لە شیکردنەوەی کۆتاییدا، دەوڵەتان هیچ بژاردەیەکیان بەدەست نییە، جگە لەوە نەبێت کە بەرژەوەندیەکانیان بخەنە پێش بەرژەوەندی دەوڵەتانی تر، هەروەها بەرژەوەندییەکانیان بخەنە پێش بەرژەوەندی ئەوەی پێی دەوترێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی.

هەروەها بەهۆی ترسانی لە دەوڵەتانی تر، و بەهۆی ئەوەی دەزانێت کە لە جیهانێکدا کار دەکات کە لەسەر بنەمای پشت بەخۆبەستن وەستاوە، ئەوە خێرا دەوڵەتان درك بەوە دەکەن، کە چاکترین ڕێگە بۆ مانەوە بریتییە لە بەهێزبوون بەشێوەیەکی تایبەت و هەڵاوێردراو. لێرەدا لۆژیك و بیرکردنەوەکە ڕوون و ڕاشکاوە: کە دەوڵەت هەرچەندە بەهێزتر بێت بەراورد بە ڕکابەرەکانی، ئەوە گریمانەی پەلاماردرانی کەمتر دەبێ. بۆ نموونە هیچ دەوڵەتێك لە بەشی خۆرئاوا لە گۆی زەوی بوێری ئەوە ناکات، کە گورزێك لە

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوەشێنێت، بەهۆی گەورەیی و هێزەکەی بەراورد بە دراوسێیەکانی.

ئەم لۆژیك و بیرکردنەوەیە سادەیە هانی زلهێزان دەدات، تا بەدوای هەل و دەرفەتێکدا بگەڕێن، لە پێناو گۆڕینی هاوسەنگی هێز لە بەرژەوەندی خۆیاندا. بەلایەنی کەم دەوڵەتان دەیانەوێت، دڵنیابن لەوەی دەوڵەتانی دیکە لەسەر حیسابی ئەوان هێز بەدەستنەهێنن. بەدڵنیایشەوە هەر دەوڵەتێك لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا درك بەم لۆژیك و بیرکردنەوەیە دەکات، کە سەردەکێشێت بۆ ڕکابەری بەردەوام لەسەر هێز. سروشتی پێکهاتە و بنیاتی سیستەمی نێودەوڵەتی هەر زلهێزێك ناچار دەکات — تەنانەت ئەو زلهێزەش کە ئەو دۆخەی هەیە ڕازییە لە کاتی نەبوونی هەڕەشە —، کە وەك دەوڵەتێکی هەموارخواز و گۆڕانخواز بیر بکاتەوە و هەڵسوکەوت بکات، لەو کاتەی کە گونجاو دەبێت.

هەروەها لەوانەیە گومانمان وابێ، کە ئاشتی دەکرێ بێتە کایەوە، ئەگەر زلهێزە سەرەکییەکان ڕازی بن بەو دۆخەی کە هەیە. بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە ئەستەمە دەوڵەتان، دڵنیابن لە نیاز و مەبەستی یەکتر، بەتایبەت نیاز و مەبەستی ئایندەیان. ئینجا لەوانەیە یەکێك لە دراوسێیەکان لە ڕووکەشدا، وەك دەوڵەتی (نەگۆڕخواز) ڕازی بەو

دۆخەی کە ئەمڕۆ هەیە دەربکەوێت، بەڵام لە ڕاستیدا دەوڵەتێکی هەموارخواز و گۆڕانخوازە، یان لەوانەیە یەکێك لە دراوسێیەکان دەوڵەتێکی (نەگۆڕخواز) ڕازی بێت بەو دۆخەی کە ئەمڕۆ هەیە، بەڵام بەیانی ڕەنگی خۆی بگۆڕێ. هەروەها لە سیستەمێکی بێ سەروبەردا (anarchic system)، کە هیچ نێوەندگیرێکی بڕیاربەدەستی بەهێز نییە، ئەوە هیچ بژاردەیەك لەبەردەم ئەو دەوڵەتانەی ویستیان مانەوە بێت نییە، جگە لە گریمانەکردنی خراپترین ئەگەر نەبێ، لەوەی پەیوەستە بە نیاز و مەبەستی دەوڵەتانی تر، و ڕکابەری کردن لەگەڵیدا لەسەر هێز. ئەمەش مەرگەساتی سیاسەتی زلهێزەکانە.

داخوازییەکانی سروشتی پێکهاتەی سیستەمی نێودەوڵەتی، کە پێش ئێستا خرانەبەر باس، ڕەنگدەداتەوە لە چەمکی ناودار کە بە ئاریشەی ئاسایشی (المعضلة الأمنية: security dilemma)[١] ناسراوە. کرۆکی ئەم کێشەیە بریتییە لەوەی کە هەر زلهێزێك کە هەر هەنگاوێك دەهاوێژێت بۆ بەهێز کردنی ئاسایش و تەناهی تایبەتی

---

(١) John herz, ((Idealist International and Security Dilemma,)) World politics, vol. 2, no. 2 (4) (1950), and Charles L. Glaser, ((The Security Dilemma Revisited,)) World politics, vol. 50, no. 1 (1997).

خۆی، ئەوە لە ئاسایش و تەناهی نێودەوڵەتی کەم دەکاتەوە. بۆ نموونە، هەر دەوڵەتێك بارودۆخ و پێگەی خۆی باش و بەهێز بکات لە تەرازووی زلهێزاندا، ئەوە ئەم کارە لەسەر حیسابی دەوڵەتەکانی دیکە دەکات، کە هێزەکەیان بەشێوەیەکی ڕێژەیی لەدەستدەدەن. و لە جیهانی براوە و دۆڕاو (الغالب و المغلوب: zero-sum world) [واتە: بردنەوەی تەواو بۆ لایەك و دۆڕانی تەواویش بۆ لاکەی دیکە]، بۆ دەوڵەتان سەخت و زەحمەت دەکات کە ئەگەرەکانی مانەوەیان چاك و زۆر بکەن، بەبێ هەڕەشەکردن لە مانەوەی دەوڵەتانی دیکە. بەدڵنیایشەوە، ئەو کاتە دەوڵەتە هەڕەشەلێکراوەکان، هەر چییەك پێویستە دەیکەن بۆ ئەوەی پێداگربن لەسەر مانەوەی خۆیان، ئەمەش لە خودی خۆیدا هەڕەشە لە دەوڵەتانێکی تر دەکات، هەموو ئەمەش سەردەکێشێت بۆ ڕکابەری ئاسایشی بەردەوام.

## ئەندازەی ئەو هێزە چەندە

## کە پێویستە دەوڵەت هەیبێت؟

لێرەدا ڕاجیاییەك هەیە لە نێوان ڕیالیستە بونیادییەکان، سەبارەت بە ئەندازەی ئەو هێزەی پێویستە دەوڵەتان هەوڵی بەدەستهێنانی بدەن. ڕیالیستە هێرشخوازەکان پێیان وایە، کە پێویستە دەوڵەتان بەردەوام بە دوای هەل و دەرفەتدا بگەڕێن، بۆ دەستخستنی ئەندازەیەکی زیاتر لە هێز، و پێویستە لەسەر دەوڵەت ئەم هەوڵە بدات، هەر کاتێك ئەمەی بە بایەخ و بە سوود بینی، و دەبێ دەوڵەتان ئەوپەڕی هێز دەستبخەن، هەروەك دەبێ ئامانجی کۆتایی بریتی بێت لە هەژموونداری، چونکە ئەمە چاکترین ڕێگایە بۆ دەستەبەرکردنی مانەوە.

سەرباری ئەوەی ڕیالیستە بەرگریخوازەکان، سیستەمی نێودەوڵەتی پاڵنەری بەهێز دروست دەکات، بۆ دەستخستنی هێزی زیاتر، ئەوا بەدڵنیایەوە جەختیش لەوە دەکەنەوە کە هەوڵدان بۆ هەژموونداری، بە گەوجایەتی دادەنرێت لە ڕووی ستراتیژیەوە،

چونکە سەردەکێشێت بۆ خراپترین جۆری فراوانخوازی زیاد لە پێویست.

بەپێی لێکدانەوە تایبەتەکانی ڕیالیزمی بەرگریخواز، نابێت دەوڵەتان هەوڵی بەدەستهێنانی ئەوپەڕی هێز بدەن، بەڵکو لە جیاتی ئەمە پێویستە، هەوڵ بدەن بۆ بەدەستهێنانی، ئەوەی کینس والتز ناوی دەنێت ((ئەندازەی هێزی پێویست))[1]. و ئەم دان بەخۆداگرتنەش تا ئاستێکی زۆر، بەرهەمی سێ هۆکارە.

ڕیالیستە بەرگریخوازەکان، جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئەگەر هەر دەوڵەتێك بەشێوەیەکی زیاد لە پێویست بەهێز بوو، ئەوا هاوسەنگی کردن (balancing) سەرهەڵدەدات. بەدیاریکراوی زلهێزەکانی تر لەشکرە سەربازیەکانیان گەورەتر و بەهێزتر دەکەن، و هاوپەیمانێتیەك کە هاوسەنگی دەستەبەر بکات پێکدەهێنن، بەمەش ئەو دەوڵەتەی کە هەوڵی دەستخستنی هەژمووینداری داوە، لە دۆخێکدا دەمێنێتەوە کە کەمتر ئاسایشی پارێزراو دەبێت، ئەمە بە لایەنی کەمەوە، یان تەنانەت لەوانەیە دەوڵەتەکە بڕوخێنێت. ئەم بارودۆخە بەسەر فەڕەنسادا لە سەردەمی ناپلیۆن (١٧٩٢ –

---

(1) Waltz, Theory of International Politics, p. 40.

١٨١٥)، و ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانی (١٩٠٠ – ١٩١٨)، و ئەڵمانیای نازی (١٩٣٣ – ١٩٤٥)ـدا هات، کاتێك هەوڵیاندا دەستبەسەر هەموو ئەوروپادا بگرن. هەموو ئەوانە بە تەواوی تێکشکێندران، کە حەز و ئاواتیان بوو هەژموونداری بەدەستبخەن، لەسەر دەستی هاوپەیمانێتیەك، کە هەموو یان زۆربەی زلهێزەکانی دیکەی لەخۆگرتبوو. هەروەها بەپێی تێڕوانینی ڕیالیستە بەرگریخوازەکان، بلیمەتی ئۆتۆ فۆن بیسمارك خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کاتێك درکی بەوە کرد کە هەوڵدان بۆ دەستخستنی هێزی زیاد لە پێویست زیانی بۆ ئەڵمانیا هەیە، چونکە وا لە دراوسێیەکانی دەکات تا هاوسەنگی لە دژی دروست بکەن. لەبەر ئەمە ناوبراو بە دانایی و شارەزایی خۆی کۆت و بەندی دانا بۆ فراوانخوازی ئەڵمانی، ئەمەش لە دوای بەدەستهێنانی چەندین سەرکەوتنی مەزن لە جەنگی نەمساوی – بڕوسی (١٨٦٦) و جەنگی فەڕەنسی – بڕوسی (١٨٧٠ – ١٨٧١).

بەشێك لە ڕیالیستە بەرگریخوازەکان، پێیان وایە کە لێرەدا پێوەری هاوسەنگی هێرش و بەرگری (offence-defence balance) هەیە، یارمەتیدەرە بۆ زانینی ئەندازەی ئاسانی و سەختی تێکشاندنی هەرێمێك یان شکست پێ هێنانی بەرگریکار

لەسەر گۆڕەپانی شەڕ. بە مانایەکی تر، ئەمە پێت دەڵێت کە هێرشەکە سوودی هەبووە یان نا. ڕیالیستە بەرگریخوازەکان ئەوە دووپات دەکەنەوە، کە زۆربەی کات تای تەرازووی هێرش و بەرگری لە بەرژەوەندی بەرگریکاردایە، بۆیە شتێکی چاوەڕوانکراوە بۆ هەر دەوڵەتێك، کە هەوڵی دەستخستنی ئەندازەیەکی زۆر لە هێزی زیاتر بدات، لە کۆتایی ڕێگاکەدا بکەوێتە نێو زنجیرەیەك لە جەنگی دۆڕاودا. بۆیە دەوڵەتان پەیی بەوە دەبەن کە هێرش هیچ سوودێکی نابێت، لە جیاتی ئەمە جەخت دەکەنەوە لەسەر پاراستنی پێگەکەیان لە تەرازووی هێزدا. جا ئەگەر بەڕاستی و بەکرداری هەڵوێستێکی هێرشبەرانەی گرتەبەر، ئەوا ئامانجەکانی دیاریکراو دەبن.

هەروەها ڕیالیستە بەرگریخوازەکان بەهەمان شێوە پێیان وایە، کاتێك پەلاماردان و هێرشکردن شتێکی پەسندکراو بێت لەلایەنی بیر و هۆشەوە، ئەوا هیچ قازانجێکی لێ بەدەست ناخرێت، چونکە ئەرك و تێچوو و خەرجیەکان لە قازنج و سوودەکان زیاتر دەبن. جا بەهۆی هەستی نەتەوایەتیەوە (nationalism) زاڵبوونی هێرشبەر بەسەر پەلاماردراو شتێکی زۆر سەخت و گران دەبێت، تەنانەت لە هەندێك کاتدا شتێکی ئەستەم دەبێت. ئینجا هزری نەتەوایەتی،

کاریگەرییەکی بەکۆمەڵ و بەهێزی هەیە، لە پوختەکەیدا پەیوەستە بە مافی چارەی خۆنووسین، کە بەشێوەیەکی کرداری دەستەبەری ئەوە دەکات، ئەو گەلانەی لە ژێر داگیرکاریدان ڕاپەڕن لە دژی داگیرکار. سەرباری ئەمە، سەختە لایەنی نامۆ سوود ببینێ لە ئابووری پیشەسازییە نوێیەکان، چونکە تەکنەلۆژیای زانیاری لە بنەڕەتدا کرانەوە و ئازادی دەخوازێت، ئەم دوو شتانەش زۆر بە دەگمەنی لەلای داگیرکاری بوونیان دەبێت.

بە کورتی، پەلاماردان کارێکی سەخت نییە، تەنانەت لەو بارودۆخە دەگمەنانەش، کە دەوڵەتە زلهێزەکان پەلاماری دەوڵەتێکی تر دەدەن، ئەوا سوود و قازانجێکی کەم دەچننەوە، کێشەیەکی زۆریان تووش دەبێت.

بەپێی ڕیالیزمی بەرگریخواز، پێویستە ئەم ڕاستیە سەرەکیانە، دەربارەی ژیان لە نێو سیستەمی نێودەوڵەتیدا ڕوون و ئاشکرا بێت بۆ تێکڕای دەوڵەتان، لەسەر ئەمە، پێویستە حەزی دەوڵەتان بۆ دەستخستنی هێزی زیاتر سنووردار بکات، ئەگەرنا دەوڵەتان خۆیان تووشی مەترسییەك دەکەنەوە، کە هەڕەشە لە مانەوەیان دەکات. ئەگەر هەموو دەوڵەتان دان بەم تێگەیشتنەدا بنێن — ئەویش ئەو کارانەن کە پێویستە لەسەریان ئەنجامی بدەن، مادەم لایەنە بەشدار

و بکەرەکان بکەری هۆشمەندن –، پێویستە ڕکابەری و کێبڕکێی ئاسایشی زۆر توووند نەبێت، پێویستە جەنگی زلهێزەکان نەبێت مەگەر کەمێك نەبێت، هەروەها پێویستە لێرەدا هیچ جەنگێکی ناوەندی (central wars) نەبن (ئەوانیش ئەو جەنگانەن، کە هەموو یان زۆربەی زلهێزەکان تێیدا بەشدارن).

کتێبی هەڵبژێردراو

## کتێبی کینس واڵتز

## بە ناونیشانی تیۆری سیاسەتی نێودەوڵەتی[١]

کتێبی کینس واڵتز (تیۆری سیاسەتی نێودەوڵەتی)[٢]، ئەو کتێبەیە کە بنچینەی سەرەکی ڕیالیزمی بونیادی پێکدەهێنێت، لەوانەشە کاریگەرترین کتێب بووبێت، لە نێو ئەو نووسینانەی کە دەربارەی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان نووسراون بەدرێژایی پەنجا ساڵی ڕابردوو. پێشنیازی سەرەکی تێیدا ئەوەیە، کە نەبوونی دەسەڵاتێکی باڵا کە لەکاتی قەیرانەکاندا، دەوڵەتان پەنای بۆ ببەن، سەرباری حەزی دەوڵەتان بۆ مانەوە، هیچ بژاردەیەك بۆ دەوڵەتان ناهێڵێتەوە جگە لە ڕکابەری کردن لە نێوان یەکتردا لە پێناو هێزدا. شتێکی ژیرانەیە کە هێزێکی زیاتر و گەورەترت هەبێت، لە هێزی

---

() هەمان سەرچاوە.

٢) هەمان سەرچاوە.

ڕکابەرەکانت، ئەگەر هاتوو ناچار بوویت پشت بە خۆت ببەستیت، کاتێك کێشەکان لە دەرگات دەدەن. ئینجا لە کۆتایدا، گریمانەی ئەوەی دەوڵەتە بەهێزترەکان ڕووبەڕووی پەلامار و هێرش ببنەوە، زۆر کەمترە لە گریمانەی ئەوەی دەوڵەتە لاوازترەکان ڕووبەڕووی ببنەوە.

سەرباری ئەمە، والتز جەخت دەکاتەوە کە دەبێت دەوڵەتان، هەوڵی بەدەستهێنان ئەوپەڕی ئەندازەی هێز نەدەن، لەبەر ئەوەی ئەو کۆشش و هەوڵەی خەرج دەکرێت لە دەستخستنی هێزی زیاتر، دەکرێت بە ئاسانی دەرئەنجامێکی پێچەوانە بهێنێ. شتێکی گومان نەویستە کە پێویستە دەوڵەتان هەوڵی هەژموونداری نەدەن، بەڵکو دەبێ ئامانجی سەرەکی بریتی بێت، لە پێداگری کردن لەسەر ئەوەی دەوڵەتانی تر هێز لەسەر حیساب و بەرژەوەندی ئەو دەستنەخەن. والتز ئەوە دووپات دەکاتەوە کە ((ئەرکی سەرەکی و یەکەمی دەوڵەتان، بریتی نییە لە بەدەستهێنانی ئەوپەڕی ئەندازەی هێز، بەڵکو بریتییە لە پاراستنی پێگەی خۆیان لە نێو سیستەمەکەدا)). سەرباری ئەوە، والتز پێشنیاری ئەوە ناکات کە چوونە نێو جەنگەوە، لە پێناو دەستخستنی هێز، کارێکی ژیرانەیە لەلایەنی ستراتیژیەوە. لێرەدا بەشێوەیەکی بنەڕەتی چەند ڕێککارێکی ڕاستەقینە هەن،

لەسەر تووندی ڕکابەری ئاسایشی و تەناهی لە جیهانی والّتزدا، لەبەر ئەمە زۆر جاران بە ڕیالیزمێکی بەرگریخواز دەناسرێت.

والّتز پێی وایە کە دەوڵەتان پێویستە جڵەوگیری حەز و ئارەزووەکەیان بکەن، بۆ دەستخستنی هێز، ئەمەش بەهۆی زاڵبوونی ئەو ڕەفتارەی هاوسەنگی دروست دەکات. دەوڵەتان نزیکەی زۆربەی جاران هەڵدەستن بە کۆت و بەندکردنی دەوڵەتە ڕکابەرەکان کە هەوڵ دەدەن بەشێوەیەکی هەڵاوێردراو (استثنائي) بەهێز بن. دەکرێت ئەو دەوڵەتانەی هەست بە هەڕەشە و مەترسی دەکەن، تواناکانی خۆیان زیاد بکەن – ((هاوسەنگی ناوخۆیی)) – یان – یەکبگرن بەیەکەوە تا هاوپەیمانێتیەکی هاوسەنگ پێکبهێنن – ((هاوسەنگی دەرەکی)). ئینجا لەبەر ئەوەی ((هاوسەنگیەکانی هێز، بەشێوەیەکی دووبارە بووەوە پێکدێن))، هەروەك والّتز وا دەڵێت، ئەوە پێویستە دەوڵەتە پەلاماردەر و داگیرکار و دەستدرێژکارەکان پێشبینی ئەوە بکەن، کە بوەستێنرێت لەلایەن قوربانیە چاوەڕوانکراوەکانی.

کتێبی سیاسەتی نێودەوڵەتی، ژمارەیەك بیرۆکەی گرنگی تر لەخۆدەگرێت. والّتز بۆچوونی وایە کە سیستەمی (نێودەوڵەتی) دوو جەمسەری ئاشتیخوازترە لە سیستەمی فرە جەمسەری، پشت بەیەکتر بەستنی دوو لایەنەی ئابووری، گریمانەی ڕوودانی ناکۆکی

زیاد دەکات. هەروەك واڵتز جیاوازی گرنگ لە نێوان هاوسەنگی کردن (balancing) و هاوپەیمانێتی بەگەڵ کەوتن (bangwagoning)، ئەمەی دوایی ئاماژەیە بۆ یەکێتی هێزە سەربازییەکانی دەوڵەتان لەگەڵ دەوڵەتێکی بەهێز و باڵادەست، کە جەنگەکان دەباتەوە و هێز بەدەست دەهێنێت. واڵتز جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی ((ئەو ڕەفتارەی سیستەمەکە پشتیوانی لێدەکات، هاوسەنگی کردنە، نەوەك هاوپەیمانێتی بەگەڵ کەوتن))، چونکە دەوڵەتان نایانەوێت لاواز بن، بەرامبەر بە هاوبەشێکی بەهێز.

لە کۆتاییدا، واڵتز بەڵگەیەك دەخاتەڕوو، کە جێی مشتومڕە، بەوەی هاوکاری نێوان دەوڵەتان سەخت و گرانە، بەهۆی مەترسییەکانی پەیوەست بە ((دەستکەوتە ڕێژەییەکان))، و پێشنیاری ئەوە دەکات کە ئەنجامدانی گرێبەستەکان کارێکی سەختە، چونکە دەوڵەتان دەترسن لەوەی لایەنی بەرامبەر بەشێکی زیاتریا دەستبکەوێت لە کێکەکە، بەمەش تەرازووی هێز لە بەرژەوەندی ئەواندا بگۆڕێت.

---

ڕیالیستە هێرشخوازەکان ئەم بەڵگانە قبوڵ ناکەن، ئەوان درك بەوە دەکەن، کە ئەو دەوڵەتانەی مەترسیان لەسەرە، ئەوە زۆربەی کات هاوسەنگی دروست دەکەن لە دژی دوژمنە مەترسیدارەکان،

بەڵام جەخت لەوە دەکەنەوە کە زۆربەی کات هاوسەنگی کارا نییە، بەتایبەت ئەو کاتەی پرسەکە پەیوەست دەبێت بە پێکهێنانی هاوپەیمانێتی هاوسەنگی کردن، جا ئەم ناکاراییە هەل و دەرفەت دروست دەکات، بۆ دەستدرێژیکار و پەلاماردەری ژێر لە قۆستنەوەی دوژمنەکە. سەرباری ئەمە، ئەو دەوڵەتانەی زۆربەی جاران هەڕەشەیان لەسەرە، خۆدزینەوە لە بەرپرسیارێتی (buck-passing) هەڵدەبژێرن، [کە بریتییە لە: ڕاکردن لە بەرپرسیارێتی و خستنە ئەستۆی بەرامبەر]، لە جیاتی چوونە پاڵ هاوپەیمانێتی هاوسەنگی کردن. بە مانایەکی دیکە، هەوڵ دەدات قەناعەت بە دەوڵەتانی دیکە بکات، بەوەی بار و ئەرکی کۆت و بەند کردنی دوژمنی بەهێز لە ئەستۆ بگرن، لەکاتێکدا خۆیان لە پەڕاوێز و کەناردا بمێننەوە. ئەم جۆرە ڕەفتارە شتێکی باوە لە نێوان زلهێزاندا، بەهەمان شێوە هەل و دەرفەت دەڕەخسێنن بۆ پەلاماردان.

هەروەك ڕیالیستە هێرشخوازەکان، ئەو بانگەشەیە ڕەت دەکەنەوە کە بەرگریکار تایبەتمەندیەکی مەزن و زیاتری هەیە بەسەر هێرشکاردا، ئەمەش ئەو مانایە دەگەیەنێت، کە هێرش کردن زۆر بە دەگمەنی بەرهەمی دەبێت. بەڵام تۆماری مێژوو بەدڵنیایەوە ئەوە دەردەخات، کە ئەو لایەنەی دەستپێشخەرە لە هەڵگیرساندنی

جەنگدا، هەر خۆی زۆربەی جاران لایەنی براوەیە لە جەنگدا. سەبارەت بەوەش کە سەختە هەژموونداری دەستبخرێت، ئەوا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەم دەستکەوتە ناوازەیەی بەدەستهێناوە، لە نیوەی خۆرئاوای گۆی زەوی، لە ماوەی سەدەی نۆزەمدا. هەروەك ئیمپڕاتۆریەتی ئەڵمانی نزیك بوو لەوەی هەژمووندارى بەدەست بهێنێت، لە ماوەی جەنگی یەکەمی جیهانیدا.

سەرباری ئەمە، ئەوا ڕیالیستە بەرگریخواز و ڕیالیستە هێرشخوازەکان بەشێوەیەکی یەکسان کۆدەنگن، لەسەر ئەوەی چەکی ناوەکی (ئەتۆمی) هیچ سوودێکی وای نییە بۆ مەبەستی هێرشبەری، تەنها لەو کاتە نەبێت یەکێك لە لایەنە ناکۆکەکان چەکی ناوەکی دەبێت. هۆکاری ئەمەش زۆر سادەیە، ئەویش ئەوەیە ئەگەر هەر دوو لایەن توانای تۆڵەسەندنەوەیان هەبوو لە پێناو مانەوە، ئەوە هیچ یەکێکیان تایبەتمەندی وەشاندنی گورزی یەکەم دەست ناخات. سەرەڕای ئەمەش، هەر دووکیان کۆکن لەسەر ئەوەی ئەگەری ڕوودانی جەنگی نەریتی لە نێوان ئەو دەوڵەتانەی بە چەکی ناوەکی پڕ چەکن کراوەیە، بەڵام یەکلاکەرەوە نییە، بەهۆی مەترسی هەڵکشانی جەنگ تا دەگاتە ئاستی وەشاندنی گورزی ناوەکی.

لە کۆتاییدا، هەرچەندە ڕیالیستە هێرشخوازەکان دان بەوەدا دەنێن، کە هەندێك جار هێرش و پەلاماردان سوودی نابێت، ئەوا ئاماژە بەوە دەکەن کە بە کرداری هێرش و پەلاماردان لە هەندێك کاتدا سوودی دەبێت. پەلاماردەر و داگیرکەر و هێرشبەران دەتوانن سوود لە ئابووری دەوڵەتی دۆڕاو و شکستپێهێنراو وەربگرن، بەمەبەستی بەدەستهێنانی دەستکەوت و قازانج، تەنانەت لە سەردەمی زانیاریشدا. لە واقیعدا، پیتەر لیبەرمان پێی وایە تەکنەلۆژیای زانیاری ڕەهەندێکی ((ئۆرویلی)) هەیە [دراوەتە پاڵ ڕۆمانووسی ئینگلیزی جۆرج ئۆرویل]، کە یارمەتیدەرە بۆ پیادەکردنی سەرکوت کردن و داپڵۆسین، بە جۆرەها ڕێگە و شێوەی مەترسیدار[١]. گومان لەوەدا نییە نەتەوەخوازی (nationalism) توانای هەیە پرسەکە ئاڵۆز بکات سەبارەت بە داگیرکارییەوە، بەڵام حوکم کردن و بەڕێوەبردنی ئەو دەوڵەتانەی، کە دەکەونە ژێر داگیرکاریەوە، هەندێك جار بەشێوەیەکی ڕێژەیی ئاسانە، هەروەك

---

(١) Peter Liberman, Does Conquest Pay: The Exploitation of the Occupied Industrial Societies (Princeton, NJ: Princeton University Press, 1996), p. [illegible].

دۆخەکە بەو جۆرە بوو کاتێك فەڕەنسا کەوتە ژێر حوکمڕانی نازییەکان (١٩٤٠ – ١٩٤٤). سەرباری ئەمە، دەوڵەتی سەرکەوتوو و براوە پێویستی بە داگیرکردمی دەوڵەتێکی شکستخواردوو و دۆڕاو نییە، تا جیاواز و تایبەتمەند بێ لە بەرامبەریدا. لەوانەیە دەوڵەتی براوە دەستبگرێت بەسەر بەشێکی خاکی دەوڵەتی داگیرکراو، بەمەش بۆ دوو دەوڵەتی بچوك یان زیاتر دابەشی بکات، یان لە چەك دایبماڵێت و ڕێگری لێبکات لە دووبارە خۆپڕچەککردنەوە.

لەبەر ئەم هەموو هۆکارانە، ڕیالیستە هێرشخوازەکان پێشبینیان بۆ زلهێزەکان بەو جۆرەیە، کە بە بەردەوام بە دوای هەل و دەرفەتدا بگەڕێن، بۆ دەستخستنی ئەو شتەی کە جیاوازی و تایبەتمەندیان پێدەدات بەسەر زلهێزەکانی تر، کە دەستکەوتی کۆتایی بریتییە لە هەژموونداری. تووندی زاڵە بەسەر ڕکابەرییەکانی ئاسایشی لەم جیهانەدا، لێرەدا گریمانەی هەڵگیرسانی جەنگی نێوان زلهێزان هەیە. سەرباری ئەمە، مەترسی مەزن لە ڕوودانی جەنگێکی ناوەندی دروست دەبێت، هەر کاتێك یەکێك گریمانەی زاڵبوونی هەبێت بەسەر گۆڕەپانەکەدا.

بەدڵنیایەوە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی زلهێزەکان لە ڕابردوودا، زیاتر لەگەڵ پێشبینیەکانی ڕیالیزمی هێرشخواز کۆک و تەبابووە، نەوەک لەگەڵ پێشبینیەکانی ڕیالیزمی بەرگریخواز. دوو جەنگی جیهانی لە ماوەی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم ڕوویاندا، سێ زلهێز هەوڵیاندا هەژموونی هەرێمی دەستبخەن، بەڵام لەم هەوڵانەیاندا شکستیان هێنا، ئەوانیش بریتی بوون لە: ئیمپڕاتۆریەتی ئەڵمانی، ئیمپڕاتۆریەتی یابانی، ئەڵمانیای نازی. جەنگی سارد زاڵ بوو بەسەر نیوەی دووەمی هەمان سەدە، ئەمەش کاتێك ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت چوونە نێو ڕکابەرییەکی ئاسایشی توندەوە، کە خەریك بوو بەرەو جەنگ و بەیەکدادان بڕۆن، لە سەرووبەندی قەیرانی مووشەکە کوبییەکان (١٩٦٢).

زۆرێك لە ڕیالیستە بەرگریخوازەکان داندەنێن بەوەی، کە زلهێزەکان لە زۆر کاتدا وا ڕەفتار دەکەن، کە دژی تیۆریەکەیانە. سەرباری ئەمە، جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئەو دەوڵەتانە ژیرانە مامەڵەیان نەکردووە، بۆیە شتێکی مەندەهۆشکەر نییە کە ئیمپڕاتۆریەتی ئەڵمانی، ئیمپڕاتۆریەتی یابانی، ئەڵمانیای نازی، تێکشکان لەو جەنگانەی کە بە گەوجایەتی خۆیان جەنگەکانیان هەڵگیرساند. ڕیالیستە بەرگریخوازەکان پێیان وایە، کە ئەو

دەوڵەتانەی زۆرترین بەشە هێز بەدەستدەهێنن، هەلی مانەوەیان بەهێز ناکەن، بەڵکو لاوازی دەکەن.

بەدڵنیاییەوە ئەمە مشتومڕێکی ڕەوایە، بەڵام تەنها دان پێدانانی ڕیالیستە بەرگریخوازەکان، بەوەی کە دەوڵەتان زۆربەی جاران گەوجانە مامەڵە دەکەن لە ڕووی ستراتیژیەوە، ئەوە پێویستە لەسەریان بەپێی تیۆرە بونیادگەراکان ڕوونی بکەنەوە، کە چ کاتێك دەوڵەتان وا ڕەفتار دەکەن و چ کاتێکیش وا ناکەن. والتز سەبارەت بە تیۆری خۆی دەربارەی سیاسەتی نێودەوڵەتی پێی وایە، پێویستە پاڵپشتی بکرێت بە تیۆرێکی سەربەخۆ لە سیاسیەتی دەرەکیدا، کە یارمەتی بدات بۆ ڕاڤەکردن و شیکردنەوەی ڕەفتاری ناڕوونی دەوڵەت. بەڵام ئەو تیۆریە زیادە، کە بەشێوەیەکی جێگیر جەخت، لەسەر هۆکارە سیاسییە ناوخۆییەکان دەکاتەوە، بریتی نییە لە تیۆری ڕیالیزمی بونیادی.

بێ گومان تیۆریەکانی ڕیالیستە بەرگیرخوازەکان، هاوشێوەی باری بوزان، جاك سنایدر، ستیفن ئیفرا، زۆر دەگونجێت لەگەڵ ئەم نموونە سادەیە کە والتز دایناوە. هەر یەکێکیان باوەڕیان وایە کە لە توانای تێگەیشتنی ڕیالیزمی بونیادیدایە شیکاری بۆ بەشێکی بەرچاو لە ڕەفتاری دەوڵەتان بکات، بەڵام بەشێکی زۆری ناتوانێت شیکاری

بۆ بکرێ لە میانەی ڕیالیزمی بونیادی. لەبەر ئەمە پێویستی بە تیۆرێکی جێگرەوەیە لە پێناو شیکردنەوەی ئەو دۆخانەی کە زلهێزەکان ڕەفتاری تێدا دەکەن بە شێوازی نا ستراتیژیانە. بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجە، بوزان پشتی بە تیۆری دامەزراوەیی (organizaional theory)[١] بەستووە، سنایدر پشت دەبەستێت بە جۆری سیستەمی حوکمڕانی ناوخۆیی[٢]، سەبارەت بە ئیڤیرا ئەوە پشت دەبەستێت بە ڕێبیر (مبدأ) و بنەمای سەربازی[٣]. هەروەك والتز وتی، هەر یەکێکیان تۆرێك لە سیاسەتی دەرەکیدا پێشنیار دەکات. پوختەی وتە ئەوەیە کە لەسەر ڕیالیستە بەرگریخوازەکان پێویستە، پشت بە ڕیالیزمی بونیادی ببەستن، تا

---

١) Barry R. Posen, The Sources of Military Doctorine: France, Britain, and Germany between the World Wors (Ithaca, NY: Corne;; University Press, 1984.

٢) Jack L. Snyder, Myths of Empire: Domestic Political and International Ambition (Ithaca, NY: Corne;; University Press, 1991).

٣) Stephen Van Evera, Causes of War: Power and Roots of Conficts(Ithaca, NY: Corne;; University Press, 1999).

شیکاری بکەن بۆ ئەو ڕێگا و شێوازانەی دەوڵەتان هەڵسکەوتی پێدەکەن لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا. پێویستە لەسەریان تیۆرەکانی پەیوەست بە ئاستی ناوخۆیی، تێکەڵ بەو تیۆرانە بکەن، کە پەیوەستن بە ئاستی سیستەمەکە، بۆ شیکردنەوەی چۆنیەتی کاری جیهان.

لەلایەکی دیکەوە، ڕیالیستە هێرشخوازەکان بەلای ئەوەدا دەچن، کە تەواو پشت ببەستن بە بەڵگەکانی ڕیالیزمی بونیادی بۆ شیکردنەوەی سیاسەتی دەرەکی. کەواتە ئەوان پێویستیان بە تیۆرێکی سەربەخۆ نییە لە سیاسەتی دەرەکیدا، چونکە لە بنەڕەتدا جیهان تا ئاستێکی زۆر لەو شێوەیە دەچێت، کە ڕیالیستە هێرشخوازەکان گریمانەی دەکەن کە دەبێت وابێت. بە هەر حاڵ، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە پێویستە لەسەریان ئەوە بسەلێمنن، کە هەوڵدانی ئەڵمانیا بۆ دەستخستنی هەژموونداری لە ئەوروپا، لە نێوان ساڵانی ١٩٠٠ و ١٩٤٥ هەنگاوێکی ستراتیژی دروست بوو. بەدڵنیایەوە ڕیالیستە هێرشخوازەکان پەیی بەوە دەبەن، کە دەوڵەتان هەندێك کات بەشێوازێك مامەڵە و ڕەفتار دەکەن، کە لە ڕووی ستراتیژیەوە بە گەوجایەتی وەسف دەکرێت، و ئەم دۆخانەش پێچەوانەی تیۆرەکەیانە. هەروەك پێشتر دووپات کرایەوە، ڕیالیستە

بەرگریخوازەکان هەڵوێستێکی یەدەگیان هەیە، کە لەلای ڕیالیستە هێرشخوازەکان نییە، ئەویش ئەوەیە ئەوان دەتوانن شیکردنەوە بۆ دۆخی ڕەفتاری نا ستراتیژی بکەن، لە میانەی تیۆرێکی جیاواز و سەربەخۆ لە سیاسەتی دەرەکیدا.

## هۆکاری جەنگی نێوان زلهێزەکان چییە؟

ڕیالیستە بونیادییەکان دان بەوەدا دەنێن، کە دەکرێت دەوڵەتان بچنە نێو جەنگەوە، بەهۆی هۆکارێك لە هۆکارەکان، ئەمەش وا دەکات کە ئەستەم بێت تیۆریەکی سادە دابنرێت، کە ئاماژە بە یەك هۆکار بکات کە هۆی سەرەکی جەنگەکە بێت. گومان لەوەدا نییە کە دەوڵەتان هەندێك جار جەنگ هەڵدەگیرسێنن، تا دەسەڵات بگرنەدەست و باڵادەست بن بەسەر دەوڵەتی ڕکابەردا، دواتر ئاسایش و تەناهی خۆیان بەهێز بکەن. بەڵام ئاسایش هەردەم هێزی

بزوێنەری پاڵ بڕیاری دەوڵەت نییە، بۆ هەڵگیرساندنی جەنگ. جا لە هەندێك کاتدا ئایدیۆلۆژیا و هزر یان ڕەچاوکارییە ئابوورییەکان زۆر بایەخدارتر دەبن لە ئاسایش. بۆ نموونە، نەتەوەخوازی (nationalism) بریتی بوو لە هۆکاری سەرەکی کە پاڵی بە بیسمارکەوە نا کە جەنگ هەڵبگیرسێنێت لە دژی دانیمارك (١٨٦٤) و نەمسا (١٨٦٦) و فەرەنسا (١٨٧٠–١٨٧١)، ئەو سەرکردە بڕوسییە ویستی ئەڵمانیای یەکگرتوو بنیات بنێت.

ئەو جەنگانەی هەڵدەگیرسێن و پاڵنەری نا ئاسایشییان بەسەردا زاڵە، ئەوە لەگەڵ ڕیالیزمی بونیادی دەگونجێت، مادەم دەستدرێژیکار و پەلاماردەر مەبەستی ڕەفتار کردن نەبێت، بەجۆرێك کە سەربکێشێت بۆ زیانگەیاندن بە پێگەکەی لە هاوکێشە و تەرازووی هێزدا. لە واقیعدا، سەرکەوتن لە جەنگدا لە زۆربەی کاتدا سەردەکێشێت بۆ چاککردن و باشکردنی پێگەی هێزی ڕێژەیی دەوڵەت، بەبێ ڕەچاوکردنی هۆکاری هەڵگیرسێنەری ناکۆکیەکە. جا دەوڵەتی ئەڵمانی کە لە دوای ساڵی ١٨٩٠ دروست بوو، زۆر بەهێزتر بوو لە دەوڵەتی بڕوسی، کە بیسمارك سەرکردایەتی دەکرد لە ساڵی ١٨٩٢.

سەربارى ئەوەى دانانى يەك هۆكارى دياريكراو، بۆ تێكڕاى جەنگەكان كارێكى بەرهەمدار نييە، ڕياليستە بونيادييەكان ئەوە دووپات دەكەنەوە، كە گريمانەى هەڵگيرسانى جەنگ، كاريگەرە بە نەخشەى بونيادى سيستەمى نێودەوڵەتى. هەندێك لە ڕياليستەكان پێيان وايە كە گۆڕاوى بنەڕەتى، بريتييە لە ژمارەى زلهێزەكان يان جەمسەرەكان لە سيستەمەكەدا، لەكاتێكدا ئەوانى ديكە جەخت لەسەر دابەشكردنى هێز دەكەنەوە لە نێوان دەوڵەتە سەرەكييەكاندا. بەراوردكارييەكى سێيەم هەيە كە دەڕوانێتە ئەو چۆنيەتيەى كە گۆڕانەكانى لەسەر دەوەستن، لە دابەشكردنى هێز بە كاريگەرى لەسەر ئەگەرى هەڵگيرسانى جەنگ. لە كۆتاييدا، هەندێك لە بونيادييەكان بۆچوونيان وايە كە جياوازييەكان لە تەرازووى هێرش و بەرگريدا، كاريگەرى هەرە گەورەى هەيە لەسەر گريمانەكانى هەڵگيرساندنى جەنگ.

## جەمسەربەندى سيستەم

ماوەيەكى زۆرە مشتومڕ هەيە، لە نێوان بونيادييەكان لەبارەى ئەوەى ئايا ئەگەر سيستەمەكە دوو جەمسەريى بێت (bipolarity) (واتە: بوونى دوو جەمسەرى گەورە) زياتر يان كەمتر ئەگەرى

ڕوودانی جەنگ هەیە بەراورد بە ئەگەری فرە جەمسەری (multipolarity) (بوونی سێ جەمسەر یان زیاتر). ڕێککەوتنێك و کۆدەنگییەکی گشتی هەیە، لەسەر ئەوەی سیستەمی دەوڵەتان هەر لە دەستپێکی ساڵی ١٦٤٨ فرەجەمسەری بووە، تا کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی لە ساڵی ١٩٤٥. لەکاتێکدا سیستەمی دوو جەمسەری تەنها لە ماوەی جەنگی سارد زاڵ بوو، کە ڕاستەوخۆ لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی دەستی پێکرد، تا ساڵی ١٩٨٩ بەردەوام بوو.

شتێکی ئاسانە گریمانەی ئەوە بکەین، کە مێژووی ئەوڕوپی لە سەدەی بیستەم ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە سیستەمی دوو جەمسەری ئاشتیخوازانەترە لە سیستەمی فرەجەمسەری. بێ گومان دوو جەنگی جیهانی لە نیوەی یەکەمی سەدەمی ناوبراو هەڵگیرسا، ئەمەش کاتێك ئەوڕوپا فرەجەمسەر بوو، لەکاتێکدا جەنگی گوللە تەقاندن بە ڕووی یەکتر لە نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەتدا نەبوو، لە ماوەی نیوەی دووەمی سەدەی ناوبراو، کەچی ئەو کات سیستەمەکە دوو جەمسەری بوو.

لەگەڵ ئەمەشدا ئەم مشتومڕە وا دەردەکەوێ کەمتر قەناعەت پێکەر بێت، ئەمەش کاتێك ماوەکە فراوان دەکەین تا سەدەی

بیستەم بگرێتەوە. هیچ جەنگێك نەبوو لە نێوان زلهێزە ئەوڕوپییەکان لەوەتەی ساڵی ١٨١٥ تا ١٨٥٣، هەروەها لە ساڵی ١٨٧١ تا ساڵی ١٩١٤. و ئەو ماوە سەقامگیرە ڕێژەییە درێژانە کە باسکران، و لە ئەوڕوپای فرەجەمسەردا دەرکەوتن، بەشێوەیەکی ئەرێنی بەراورد دەکرێت بە ((ماوەی ئاشتیانەی دوور و درێژ))ی جەنگی سارد. لەبەر ئەمە، سەختە دیاری بکرێت کە دوو جەمسەری یان فرە جەمسەری زیاتر شیاون بۆ جەنگی زلهێزان، لە ماوەی ڕوانین بۆ مێژووی ئەوڕوپی نوێ.

بەڵام لایەنگرانی ئەم دوو ڕووانگە ڕکابەرانە، تەنها پشت نابەستن بە مێژوو بۆ سەلماندنی تێڕوانینی خۆیان، بەڵکو بەڵگەی تیۆریش بەکاردەهێنن. جا ئەو ڕیالیزمانەی باوەڕیان وایە کە سیستەمی دوو جەمسەری زیاتر ئەگەری ڕوودانی جەنگی تێدایە، سێ بەڵگە دەخەنەڕوو کە پشتگیری ئەم بۆچوونەیان دەکات. یەکەمیان، ئەوانە ئەوە دووپات دەکەنەوە، کە هەلێکی گەورەتر هەیە لە جەنگ کردنی زلهێزان لەگەڵ یەکتر لە سیستەمی فرە جەمسەریدا. بەڵام لە سیستەمی دوو جەمسەریدا، ئەوە تەنها دوو هێز هەن، واتە تەنها یەك زلهێز هەیە [لە دۆخی نەبوونی فرەجەمسەری] لە بەرامبەر [بەیەکدادانێکی گریمانەکراو] لە نێوان دوو زلهێزدا. لە بەرامبەردا، لە

فرە جەمسەریدا، سێ جووتە ڕکابەری گریمانەکراو هەن، کاتێك سێ زلهێز یان زیاتر بوونیان دەبێت، هەرچەندە ژمارەی زلهێزەکان زیاد بێت، ئەوە ڕکابەرییەکانیش زیاد دەبن.

دووەمیان: لێرەدا ئارەزوویێك هەیە بۆ بوونی یەکسانیەکی زۆرتر لە نێوان دوو زلهێزدا لە سیستەمی دوو جەمسەریدا، چونکە هەرچەندە ژمارەی زلهێزەکان لە سیستەمەکەدا زیاد ببێت، ئەوە گریمانەکانی نابەرابەری لە نێوان زلهێزەکاندا زیاد دەبێت، لە دابەشکردنی سەروەت و سامان و دانیشتووان، کە هەردووکیان بە بەردی بناغەی هێزی سەربازی دادەنرێن. کاتێکیش کێشەیەك لە هاوسەنگی هێزدا دروست دەبێت، ئەوە زۆربەی کات ئەوەی بەهێزترە دەرفەتی قۆستنەوە ئەوەی لاوازتری هەیە، دەرفەتی بەکارهێنانی ئەوەی بێهێزتری هەیە لە پێناو بەرژەوەندی و ئامانجەکانی. سەرباری ئەمە، لە سیستەمی فرەجەمسەریدا، گریمانەی ئەوە دەکرێت کە دوو زلهێز یان زیاتر هاوپەیمانیەك ببەستن لە چوارچێوەی کۆمەڵەیەکدا، لە دژی زلهێزێکی سێیەم. ئەم جۆرە هەڵسوکەوتەش لە سیستەمی دوو جەمسەریدا ئەستەمە، هەروەك لە خودی ناوی سیستەمەکەدا دیار و ڕوونە.

سێیەمیان، لێرەدا گریمانەیەکی گەورەتر هەیە بۆ ڕوودانی هەڵە لە هەڵسەنگاندن و خەمڵاندنی فرەجەمسەریدا، هەردەم خراپ هەڵسەنگاندن و خەمڵاندن یارمەتیدەرن بۆ هەڵگیرساندنی جەنگ. لەکاتێکدا بەدیاریکراوی لە سیستەمی دوو جەمسەریدا بەرچاوڕۆشنیەکی زیاتر هەیە، سەبارەت بە مەترسی و هەڕەشە پێشبینی کراو و گریمانەکراوەکان، ئەمەش لەبەر ئەوەی جگە لە دوو زلهێز هیچ زلهێزێکی دیکە بوونی نییە. هەردەم ئەو دوو دەوڵەتە زلهێزە جەخت دەکەنەوە لەسەر یەکتری، ئەمەش وادەکات گریمانەکانی خراپ هەڵسەنگاندن و خەمڵاندن کەم بێ بۆ توانا و هێز و ناز و مەبەستی یەکتر. لە بەرامبەردا، چەند زلهێزێك هەن لە سیستەمی فرەجەمسەریدا، ئەمەش هەردەم لە ژینگەیەکی لێڵ و شێلودا کار دەکەن، کە سەختە لەم جۆرە ژینگانەدا دۆست و دوژمن لەیەکتر جیا بکەنەوە، هەروەك سەختە ئەو هێزەی کە بەشێوەیەکی ڕێژەیی هەیانە دیاری بکرێت.

بەهەمان شێوە لەبارەی کرداری هاوسەنگیەوە دەوترێت، لە دوو جەمسەریدا زیاتر کاراترە، چونکە لەلای هەر یەك لە دوو زلهێزەکە هیچ بژاردەیەك نییە جگە لەوەی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی زلهێزەکەی دیکە ببێتەوە. لە کۆتاییدا، هیچ زلهێزێکی تر ناتوانێت

هاوسەنگی هێز دروست بکات یان ببێتە بەشێك لە هاوپەیمانێتیەك کە هاوسەنگی دروست بکات، سەرباری ئەمە، هەرچەندە دەکرێ ئەوەی هێزی کەمترە ببێتە هاوپەیمانێکی سوودبەخش، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانێت تێکڕای هاوسەنگی دیاری بکات. بەڵام لە فرەجەمسەریدا، هەمیشە دەوڵەتی هەڕەشەلێکراو ئارەزووی ئەوە دەکات بەرپرسیارێتی بخاتە ئەستۆی دەوڵەتە هەڕەشەلێکراوەکانی دیکە. سەرباری ئەوەی خۆدزینەوە و خۆلادان لە بەرپرسیارێتی ستراتیژیەتێکی فریودەرە، بەڵام ئەوەندە هەیە کە لەوانەیە ئەمە سەربکێشێت بۆ چەند بارودۆخێك، کە لەوانەیە دەستدرێژیکاران و پەلاماردەران باوەڕی ئەوەیان لا دروست بێ، کە ئەوان دەتوانن دوژمنەکەیان پەکخەن و بیتوێننەوە و تێکیبشکێنن. بەدڵنیایەوە، لەوانەیە دەوڵەتە هەڕەشەلێکراوەکان ئەوە هەڵبژێرن کە بەرپرسیارێتی لەسەر خۆیان لانەدەن، لە جیاتی ئەمە هاوپەیمانێتیەکی هاوسەنگانە دروست بکەن لە دژی دەوڵەتی هەڕەشەکار. بەڵام پێکهێنانی هاوپەیمانێتی هەمیشە کردارێکە کە دەرئەنجامەکانی ڕوون نین، چونکە لەوانەیە دەوڵەتی هەڕەشەکار و دەستدرێژیکار بەو ئەنجامە بگات، کە دەتوانێ ئامانجەکانی بەدەستبخات، بەر لەوەی هاوپەیمانێتی دژبەری بە تەواوی

پێکبهێنرێت. ئەم کارابیە لە جیهانی دوو جەمسەری سادەدا بوونی نییە، چونکە هیچ شتێك نییە مایەی دڵەڕاوکێی دوو ڕکابەرەکە بێت جگە لە یەکێك لە دوو ڕکابەرەکە بۆ ئەوەی دیکە نەبێت.

بەهەر حاڵ، هەموو ڕیالیستەکان ئەو بۆچوونە پەسەند ناکەن، کە پێی وایە دوو جەمسەری یارمەتی سەقامگیربوونی ئاشتی دەدات. هەندێك لە ڕیالیستەکان ڕایان وایە، کە سیستەمی فرەجەمسەری کەمتر ئەگەری ڕوودانی جەنگی تێدایە. جا لەم ڕووانگەیەوە، هەرچەندە ژمارەی زلهێزان لە سیستەمدا زیاد ببێت، ئەوە هەلەکانی سەقامگیربوونی ئاشتی زۆرتر دەبن. ئەم گەشبینیە لەسەر ڕەچاوکردنی دوو خاڵ دامەزراوە: یەکەم: ئەوەیە بەرپەرچدانەوە (deterrence) زۆر ئاسانترە لە سیستەمی فرەجەمسەریدا، چونکە ژمارەیەکی زۆرتر لە دەوڵەتان هەن، کە دەکرێ هاوپەیمانێتی ببەستن بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەوڵەتێك کە زۆر دەستدرێژیکار و پەلاماردەرە و هێزێکی لە ڕادەبەردەی هەیە. بەڵام لە سیستەمی دوو جەمسەریدا، ئەوە هیچ هاوبەشانێکی دیکە بوونیان نییە، کە هەڵسن بە دروستکردنی هاوسەنگی. لەوانەشە کرداری دروستکردنی هاوسەنگی لە سیستەمی فرەجەمسەریدا هەندێك جار کارا نەبێت، بەڵام لە کۆتاییدا هاوپەیمانێتیەکە پێکبێت، دەستدرێژیکار و

هێرشکارەکەش تێکبشکێندریێ، هەروەك ئەم دۆخە هاتە ئارا سەبارەت بە فەڕەنسای ناپلیۆنی، ئەڵمانیای ئیمپڕیالی، ئیمپڕاتۆریەتی یابانی، ئەڵمانیای نازی، ئەوانەی کە پەندیان وەرگرت و وانە فێربوون لە میانەی ئەزموونە سەخت و دژوارەکانیان.

خاڵی دووەم: دوژمنکاری لە نێوان زلهێزاندا لە سیستەمی فرەجەمسەریدا زۆر کەمترە، چونکە ڕادەی ئەو بایەخەی هەندێك لە زلهێزان بەیەکتر دەدەن لە سیستەمی فرەجەمسەریدا کەمترە بەراورد بە سیستەمی دوو جەمسەری. لە جیهانێکدا کە سیستەمەکەی تەنها دوو زلهێز لەخۆ دەگرێت، ئەوە هەر یەکێکیان بایەخ و سەرنجی خۆی دەخاتەسەر ئەوەی دیکە. بەڵام لە فرەجەمسەریدا، لە توانای دەوڵەتاندا نییە کە بایەخێکی زیاتر بدەن بە هەر یەکێك لە دەوڵەتە دراوسێیەکانی، چونکە پێویستە لەسەری سەرنج و بایەخی خۆی دابەش بکاتە سەر هەموو زلهێزەکان. سەرەڕای ئەمە، چەندین کارلێك لە نێوان دەوڵەتاندا ڕوودەدەن، لە سیستەمی فرەجەمسەریدا، کە هەندێك دابەشبوونی بەیەکداچوو دروست دەکەن، کە توندی ڕکابەرییەکان کەم و کاڵ دەکاتەوە. بەکورتی و پوختی، ئاڵۆزبوون لە گریمانەی ڕوودانی جەنگی نێوان زلهێزان کەم دەکاتەوە.

هەندێك لە ڕیالیستەكان بۆچوونیان وایە، كە تاكجەمسەری (unipolarity) بوونی نەبوو تەنها لەگەڵ كۆتایی هاتنی جەنگی سارد (cold war) و ڕووخانی یەكێتی سۆفیەت نەبێت[١]، واتە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا تاكە زلهێزی جیهانە، هەژموونداری جیهانی بەدەستهێناوە، ئەمەش دەستكەوتێكە كە بەڕەهایی هیچ دەوڵەتێكی دیكە بەدەستی نەهێناوە. بەڵام هەندێك لە ڕیالیستەكان هەن، كە پێیان وایە سیستەمی دوای جەنگی سارد، بریتییە لە سیستەمی فرەجەمسەری نەوەك سیستەمی تاكجەمسەری. جەختیش لەسەر ئەوە دەكەنەوە كە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا بەهێزترین دەوڵەتە لەسەر ڕووی زەوی، بەڵام زلهێزی دیكەش هەن وەك: چین و ڕووسیا.

ئەگەر سیستەمی نێودەوڵەتی تاكجەمسەری بێت، ئەوە ئاكام و لێكەوتەی ئەمە چی دەبێت لەسەر سەقامگیری نێودەوڵەتی؟ جیهانێكی لەوشێوەیە واپێشبینی دەكرێ كە ئارامتر و سەقامگیرتر بێت، لەو جیهانەی كە سیستەمەكەی دوو جەمسەری یان

---

(١) wilian C. Wohlforth, ((The Stablility of a Unipolar Worlds,)) International Security, vol. 24, no. 1 (1999).

فرەجەمسەرییە. لەوەش گرنگتر ئەوەیە، کە ڕکابەری ئاسایشی ڕوونادەن و جەنگ لە نێوان زلهێزان هەڵناگیرسێن لە سیستەمی تاکجەمسەریدا، چونکە تەنها یەك تاکە زلهێزی تێدایە. سەرەڕای ئەمە، دەکرێ هێزە بچوکەکان جۆرە ڕەفتار و کارێك بکەن کە گونجاویش نەبێت لەگەڵ خواستیان، بەمەبەستی خۆدوورگرتن لە کەوتنە جەنگ و شەڕ لەگەڵ ئەو دەوڵەتەی کە تاکەجەمسەرە لە نێو سیستەمەکەدا. سەرنج بدە نیوەی گۆی خۆرئاوای زەوی (western hemisphere)، کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەژموونداره تیایدا بەشێوەیەکی ئاشکرا و ڕوون، دەبینین کە هیچ دەوڵەتێك لەو ناوچەیە بە خواستی خۆی دەست بە جەنگ ناکات لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەهۆی ترسانی لە تێکشکانی ئاسان و ڕاشکاوی خۆی لەو جەنگەدا. هەمان ئەو بیرکردنەوە و لۆژیکە لەسەر هەموو ناوچەکانی جیهان جێبەجێ دەبێت، ئەگەر وا سەیری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکەین کە هەژموونی جیهانی هەیە.

لێرەدا دوو هۆشداری هەن، پەیوەستن بەم جۆرە بۆچوونانە. ئەوانەش ئەمانەن، ئەگەر هاتوو هێزێکی خاوەن هەژموون هەستی بە پارێزراوی و تەناهی کرد، لەمیانەی نەبوونی زلهێزی دیکە، زۆربەی

هێزە سەربازییەکان کشاندەوە بازنە هەرێمییە تایبەتیەکەی، ئەوە لەوانەیە ڕکابەرییەکی ئاسایشی ڕوودات یان تەنانەت جەنگ لەو هەرێمانە هەڵبگیرسێت کە لێیان دەکشێتەوە و بەجێیان دەهێڵێت، ئەمەش لەبەر ئەوەی دەوڵەتە تاکجەمسەرەکە ئامادەیی نابێت لەو شوێنانە، تا سیستەمەکە تێیدا بپارێزێت. لەلایەکی دیکەوە، لەوانەیە دەوڵەتە هەژموونداره‌کە پێی وابێ بەوەی پێگە باڵا و بەهێزەکەی، چەند هەل و دەرفەتێکی بۆ بڕەخسێنێت، تا هێزی سەربازی تۆقێنەری خۆی بەکاربهێنێت، لە دووبارە ڕێکخستنەوەی سیاسەت لەو هەرێمانەی لێیەوە دوورن. بەڵام ئەو هێزەی خاوەن هەژموونی جیهانییە، کە کرداری ئەندازەکاری کۆمەڵایەتی بەرفراوان پیادە دەکات بە لولەی تفەنگ، هەرگیز یارمەتیدەر نابێت لە سەقامگیرکردنی ئاشتی جیهانی. لەگەڵ ئەمەشدا، ناگونجێت لە سیستەمی تاکجەمسەریدا جەنگ لە نێوان زلهێزاندا ڕووبدات.

## هێزگەلێکی هاوسەنگ یان ناهاوسەنگ

لە جیاتی ڕووانین لە ژمارەی زلهێزەکان، بۆ ڕاڤە و شیکردنەوەی هەڵگیرسانی جەنگ، ڕیالیستەکان بۆچوونیان وایە کە گۆڕاوی سەرەکی ڕاڤەیی و شرۆڤەیی، بریتییە لە ئەندازەی ئەو هێزەی کە

هەر یەکێك لەو زلهێزانە هەیانە، چونکە دەکرێ هێز نزیکەی بەشێوەیەکی یەکسان دابەشبووبێت لە نێوان زلهێزەکاندا. سەرباری ئەوەی ئەندازەی هێزی نێوان هەموو زلهێزان کاریگەریان دەبێت لە گریمانەکانی ئاشتیدا، بەڵام ئەندازەی هێزی سەرەکی ئەوە دەبێ کە لە نێوان دوو دەوڵەتە هەرە بەهێزەکەدا دەبێت لە سیستەمدا. خۆ ئەگەر بۆشاییەك هەبێت لە نەبوونی هاوسەنگیدا، ئەوە ئەو دەوڵەتەی دەکەوێتە پلەی یەکەم بریتییە لە دەوڵەتی بەهێزتر و باڵادەستتر، ئەمەش بە سادەیی چونکە زۆر بەهێزترە لە هەموو دەوڵەتەکانی دیکە(). بەڵام ئەگەر بۆشایی نێوان هەر دوو زلهێزی یەکەم و دووەم کەم بوو، ئەوسا دەوترێت هاوسەنگیەکی نزیکەیی هەیە بۆ زلهێزەکان، هەتا ئەگەر هیزیش بە یەکسانی دابەش نەبووبێت لە نێوان هەموو زلهێزەکاندا. ئەوا خاڵی سەرەکی خۆی دەبینێتەوە لە نەبوونی جیاوازیەکی تێبینیکراو لە هێزی نێوان دوو دەوڵەتی پێشەنگ.

() بوونی هێزێکی باڵادەست یەکسان نییە لەگەڵ تاکجەمسەری، چونکە هێزی زاڵ تاکە زلهێز نییە لە نێو سیستەمەکەدا. لە سیستەمی تاکجەمسەریدا تەنها یەك زلهێزبوونی هەیە. (نووسەر).

هەندێك لە ڕیالیستەکان جەخت لەوە دەکەنەوە، کە بوونی دەوڵەتێکی لە ڕادەبەدەر بەهێز یارمەتیدەر دەبێت لەسەر سەقامگیرکردنی ئاشتی. ئەم بۆچوونە بۆ ئەوە دەچێت کە هێزی باڵادەست زۆربەی جاران هەست بە پارێزراوی دەکەن، چونکە ئەوەندە بەهێزە کە لە خۆی دڵنیابێ بەراورد بە ڕکابەرەکانی، بۆیە زۆر کەم پێویستی بە بەکارهێنانی هێز دەبێت، لە پێناو باشترکردنی پێگەی خۆی لە تەرازوو و هاوسەنگی هێزدا. سەرباری ئەمە، شتێکی پیشبینی نەکراوە، کە هەر یەکێك لە زلهێزەکانی دیکە، هەڵبستن بە هەڵگیرساندنی جەنگ و شەڕ لەگەڵ دەوڵەتی پێشەنگ و باڵادەست، چونکە زۆربەی جاران دۆڕانی مسۆگەرە. سەرباری ئەمەش، جەنگی نێوان زلهێزەکان، کە هێزیان کەمترە گریمانەیەکی کراوەیە و ئەگەرێکە بەکراوەیی دەمێنێتەوە، چونکە هاوسەنگی هێز لە نێوان هەر دوو زلهێزێك لە زلهێزان نزیکەی یەکسان دەبێت، ئەگەر لە چەند دۆخ و حاڵەتێکیشدا بێت، ئەمەش ئەگەری زاڵبوونی یەکێك بەسەر ئەوەی دیکەدا بەکراوەیی دەهێڵێتەوە. بەڵام هەتا لەم دۆخەشدا، ئەگەر زلهێزی باڵادەست و پێشەنگ باوەڕی وابێت، کە ئەم جۆرە جەنگانە کەموکورتی و کێشە دەنێنەوە بۆ سیستەمی ئەرێنی نێودەوڵەتی، ئەوە پێویستە لەسەری ئامرازەکانی وەستاندنی

هەبێت، یان بەلایەنی کەمەوە ئەو ئامرازانەی هەبێت کە بەهۆیانەوە وابکات ئەم جەنگانە ڕووداوی نائاسایی بن.

ئەو نموونە و ماوە مێژووییەی پشتیوانانی ئەم ڕووانگەیە جەختی لەسەر دەکەنەوە، بریتییە لە قۆناغی نێوان شکستی ناپلیۆن لە ساڵی ١٨١٥ و هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی لە ساڵی ١٩١٤. لەو ماوەیەدا تەنها پێنج جەنگ ڕوویانداوە لە نێوان زلهێزاندا، لە ماوەی ئەم سەد ساڵەدا (ئەوانیش لە نێوان ساڵانی ١٨٥٣ و ١٨٥٦، ١٨٥٩، ١٨٦٦ بوون، و لە نێوان ساڵانی ١٨٧٠ و ١٨٧١، هەروەها لە نێوان ساڵانی ١٩٠٤ و ١٩٠٥)، هیچ یەکێك لەو جەنگانە جەنگێکی ناوەندی نەبوون، وەك هەر دوو ڕکابەری و ناکۆکیەکە کە ئەم قۆناغ و ماوەیەیان لەخۆگرتبوو. سەبارەت بەو ماوە و قۆناغە دوور و درێژە لە سەقامگیری ڕێژەیی — کە هەندێك جار ئەم زاراوە لاتینیەی Pax Britannica بۆ بەکاردەهێنریَ، واتە: ئاشتی بەریتانی — دەوترێت دەرئەنجام و لێکەوتەی هەلوێستی پێشەنگایەتی و زاڵبوون و باڵادەستی بەریتانی بوو لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا. لە بەرامبەردا، هۆکاری بوونی جەنگی ناوەندی بەر لەو ماوە و قۆناغە، ئەوە بوو کە فەڕەنسای ناپلیۆنی و ئەڵمانیای ئیمپریالی، نزیکەی یەکسان بوون لە هێزدا لەگەڵ بەریتانیا.

هەندێك لە ڕیالیستەکانی دیکە، دیدگایەکی تریان هەیە، بۆچوونیان وایە کە باڵادەستی و پێشەنگایەتی هەل و دەرفەتی ڕوودانی جەنگ زیاد دەکات. لە ڕاستیدا هەڵگیرسانی جەنگی ناوەندی دەکرێ ببێت، ئەگەر دەوڵەتێکی لەڕادەبەدەر بەهێز لە سیستەمدا هەبوو. جا بەپێی ئەم دیدگایە، هێزی باڵادەست و پێشەنگ بریتییە لەو هێزەی ئەگەری هەیە ببێتە خاوەن هەژموون، چونکە ئەو ئامرازانەی هەن، کە یارمەتیدەری دەبن، لە هەوڵی مسۆگەرکردنی زاڵبوون بەسەر سیستەمی گشتیدا، ئەمەش چاکترین دەستەبەرییە بۆ مانەوە لە نێو پشێوی نێودەوڵەتیدا. لەبەر ئەمە ڕازی نابێت بە دۆخی ئێستا، بەڵکو بەدوای هەل و دەرفەتدا دەگەڕێت بۆ دەستخستنی هەژموون. و کاتێك یەکسانیەکی نزیکەیی هەبێت لە نێوان زلهێزاندا، ئەوسا بۆ هیچ دەوڵەتێك ناکرێت بەپێداگریەوە هەوڵی دەستخستنی هەژموونی بدات، لە هەمان کاتدا گریمانەی ڕوودانی جەنگی ناوەندی کاولکار بەدوور بزانێت. ئەگەری ڕوودانی جەنگ لە نێوان زلهێزاندا دەبێت، بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە کە هێز کاتێك بەلای ئەوەدا بچێت، کە نزیکەی بە یەکسانی دابەش بووبێت، ئەوە ئەو پاڵنەرانە کەم دەکاتەوە، کە هاندەرن بۆ شەڕ و جەنگی نێوان زلهێزان.

ئەوانەی پشتگیری ئەم دیدگایە دەکەن، بەڵگەی بەوە دەهێننەوە کە جەنگەکانی ناپلیۆن زۆربەیان دەرئەنجامی ڕاستییەك بوون، ئەویش ئەوە بوو کە فەڕەنسا چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرا ببێتە هەژموونداری لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەم، و هەر دوو جەنگە جیهانیەکە هەڵگیرسان، چونکە ئەڵمانیا لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم دوو جار، لە پێگە و ئاستێکدا بوو کە ڕێگەی پێدەدا هەوڵی دەستەبەرکردنی هەژموونداری ئەوڕوپی بدات، تەنانەت ئەو ماوە و قۆناغە ئارامە کە بەشێوەیەکی ڕێژەیی ماوەیەکی دوور و درێژ بوو، هەر لە ساڵی ١٨١٥ تا ساڵی ١٩١٤ دەرئەنجامی ئاشتی بەریتانی نەبوو، چونکە لەو کاتەدا بەریتانیا هێزی باڵادەست و پێشەنگ نەبوو. تەنانەت لە بنەڕەتدا هیچ هاوپەیمانێتیەکی هاوسەنگکار دروست نەکرابوو لە دژی بەریتانیا، کە خەریك بوو هێزە کیشوەرییەکەی ئەوڕوپا لێی بترسێت. بەڵکو بەدڵنیایەوە هۆکاری ئەوەی ماوەیەکی دوور و درێژ ئارامی و ئاشتی لە ئەوڕوپادا زاڵ بوو، لە ماوەی سەد ساڵی ئاماژە پێکراو، بریتی بوو لەوەی کە نزیکەی هاوسەنگی هێز بوونی هەبوو لە ئەوڕوپای فرەجەمسەر. لەبەر ئەمە فرەجەمسەری ناهاوسەنگ ئەگەرەکانی ڕوودانی جەنگی نێوان زلهێزەکان زیاد دەکات، نەوەك فرەجەمسەری هاوسەنگ.

## وەرچەرخانی هێز و جەنگەکان

ڕیالیستەکان ئەوە دووپات دەکەنەوە، کە جەخت کردنەوە لەسەر ئاماژە چەسپاوەکان، وەك ژمارەی زلهێزەکان، یان ئەندازەی ئەو هێزەی هەر یەکێك لە زلهێزەکان هەیەتی، دەستگرتنە بە ڕا و بۆچوونێکی هەڵەوە. بۆچوونیان وایە لە جیاتی ئەمە، پێویستە جەخت بکرێتەوە لەسەر کارایی هاوسەنگی هێز، بەتایبەت لەسەر گۆڕانە دیار و بەرچاوەکان کە بەسەر دابەشکردنی هێزدا دێن[١]. لەوانەیە چاکترین بۆچوون کە لەم ئاڕاستە هزرییەدا ناسرابێت، بریتی بێت لە هێزی پێشەنگ و باڵادەست کاتێك ڕووبەڕووی ڕکابەرێك دەبێتەوە کە بەردەوامە لە بەهێزبوون، ئەمە بارودۆخێکی زۆر مەترسیدار دروست دەکات، چونکە ئەمە زۆربەی جاران سەردەکێشێت بۆ جەنگێکی ناوەندی. لەبەرئەوەی دەوڵەتی باڵادەست و پێشەنگ دەزانێت کە ڕۆژانی مانەوەی لە لوتکەی هێزدا کەمن و بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن، ئەوە پاڵنەری زۆر بەهێزی هەن بۆ هەڵگیرساندنی جەنگی خۆپارێزانە لە دژی ڕکابەرەکەی، تا

---

(١) Dale C. Capeland, The Origins of Major War (Ithaca, NY: Cornell University Press, 2000).

له بەهێزبوونی بوەستێت. بەدڵنیایەوە، پێویستە لەسەر ئەو دەوڵەتەی هێزی لە پاشەکشەدایە وا ڕەفتار بکات، کە هێشتا جیاوازی و تایبەتمەندی ڕوون و ئاشکرای هەیە لە هێزدا لە بەرامبەر ڕکابەرەکەی کە بەردەوامە لە بەهێزبوون. هەندێك لە توێژەرە ئەکادیمیەکان بۆچوونیان وایە، کە لە چوارچێوەی ئەم سیناریۆیەدا گریمانەی ئەوە بەهێزە کە ئەو هێز و دەوڵەتەی بەردەوامە لە بەهێزبوون و گەشەکردن ئەو دەستپێشخەربێت لە دەستکردن بە جەنگ. بەڵام ئەم بۆچوونە قەناعەتپێکەر نییە، چونکە کات لە بەرژەوەندی ئەو هێز و دەوڵەتەیە کە بەردەوامە لە بەهێزبوون و گەشەکردن، و هیچ پێویستیشی بە جەنگ نییە لە پێناو گەیشتن بە دەوڵەتی پێشەنگ و باڵادەست و تەنانەت تێپەڕاندنی.

دەوترێت بنەماکانی هەر دوو جەنگە جیهانیەکە ئەم بۆچوونە ڕوون دەکەنەوە. ئەڵمانیا پێش ئەم دوو جەنگ و ناکۆکییە هێزی باڵادەست و زاڵ بوو لە ئەڵمانیا، بەڵام هەر جارێك ڕووبەڕووی ڕکابەرێك دەبووەوە لە خۆرهەڵاتی سنووری خۆی، کە بەردەوام بوو لە بەهێزبوون و گەشەکردن، ئەویش ڕووسیا بوو بەر لە ساڵی ١٩١٤، و یەکێتی سۆفیەت بەر لە ساڵی ١٩٣٩. ئینجا بۆ ڕێگری کردن لە داکەوتن و هاتنەخوارەوەی، و لە پێناو پاراستنی پێگەی

پێشەنگایەتی و سەرکردایەتی خۆی لە تەرازووی هێزی ئەورووپیدا، ئەڵمانیا جەنگی خۆپارێزیّ هەڵگیرساند لە ساڵانی ١٩١٤ و ١٩٣٩، هەردووکیان گۆڕان بۆ جەنگی ناوەندی کاولکار.

## تەرازووی هێرش و بەرگری

هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد، بەشێك لە ڕیالیستە بەرگریخوازەکان بۆچوونیان وایە، کە لێرەدا تەرازووی هێرش و بەرگری هەیە، کە هەمیشە لە بەرژەوەندی بەرگریدایە، بۆیە کار دەکات لەسەر کەم کردنەوەی گرژی و توندی ڕکابەری ئاسایشی. لەم سۆنگەیەوە، ئەم تەرازووە هێزێکی پاڵنەرە بە ئاڕاستەی ئاشتی. بەڵام بە هەر حاڵ، بەشێك لە ڕیالیستە بەرگریخوازەکان، ئەگەری بوونی جیاوازی گەورە لە هاوسەنگی هێز لە نێوان بەرگری و هێرش بەکراوەیی دەهێڵنەوە، بۆچوونیان وایە کە لەوانەیە تایبەتمەندی هێرش سەربکێشێت بۆ ڕوودانی جەنگ، لەکاتێکدا تایبەتمەندی زاڵبوونی بەرگریکارانە یارمەتیدەر دەبێت بۆ سەقامگیربوون و بەرقەراربوونی ئاشتی. بۆ نموونە، جەنگی دووەمی جیهانی ڕوویدا، کاتێك تانك و فڕۆکەی هێرشبەر و بۆمب هاوێژ بەکارهێنران (لە چوارچێوەی بنەمای جەنگی لەناکاو (الحرب الخاطفة : blitzkrieg

doctrine)، ئەمەش تەرازووی هێرش و بەرگری بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش گۆڕی لە بەرژەوەندی هێرشخوازی. لەلایەکی دیکەوە، هیچ جەنگ و شەڕێکی گەرم لە نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتی سۆفیەت ڕووینەدا، لە ماوەی جەنگی سارددا، چونکە هاتنی چەکی ناوەکی (nuclear weapens) تەرازووی هێزی بەشێوەیەکی زۆر گەورە و بەرچاو گۆڕی لە بەرژەوەندی بەرگریخوازی.

پوختەی وتە ئەوەیە، کۆمەڵە بۆچوونێکی جیاوازی تیۆری بونیادیی هەوڵ دەدەن ڕاڤە و شرۆڤەی ئەوە بکەن، کە چ کاتێك ئەگەری ڕوودانی جەنگی نێوان زلهێزان زۆر یان کەم دەبێت. هەر یەکێکیشیان بیرکردنەوە و لۆژیکی ڕێژەیی شاراوە و جیاوازی هەیە، هەر یەکێکیشیان سەیری تۆماری مێژوو دەکات بە شێواز و ڕێگەیەکی جیاواز.

## توێژینەوەی ئەم نموونە:

### ئایا چین دەتوانێ ئاشتیانە لە بەهێزبوونی خۆی بەردەوام بێت؟

بەدڵنیایەوە لەوەتەی هەشتاکانی سەدەی بیستەمەوە، ئابووری چین بە خێراییەکی زۆر سەرنجڕاکێش گەشە دەکات، شارەزایان پێشبینی دەکەن کە بەهەمان شێوە لە گەشەکردن بەردەوام بێت، لە ماوەی چەند دەیەی کەمی داهاتوو. جا ئەگەر کارەکە وا بڕوات، ئەوە چین بە ژماری زۆر و مەزنی دانیشتوانەکەی، دەگاتە ئاستی بەدەستخستنی ئامرازەکانی بنیاتنانی لەشکرێکی زۆر زەبەلاح. بەدڵنیایشەوە نزیکەی دەبێتە ناوەندێك بۆ هەژموون و هێزی سەربازی، بەڵام سەبارەت بەوەی چین چی بەو هێزە سەربازیەی دەکات، کاردانەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و دەوڵەتانی ئاسیایی کە دراوسێی ئەون چی دەبێت، سەبارەت بە بەردەوامی بەهێزبوونی چین، ئەمە وەك پرسیارێکی کراوە دەمێنێتەوە.

تاکە وەڵامێکی ڕیالیزمی بونیادییانە بۆ ئەم پرسیارە نییە. هەندێك لە تیۆرەکانی ڕیالیزم پێشبینی ئەوە دەکەن، کە بەردەوام بەهێزبوونی چین سەردەکێشێت بۆ ناسەقامگیریەکی مەترسیدار، لەکاتێکدا تیۆرەکانی دیکە چەند هۆکارێکی دیکە دەخەنەڕوو، کە سەردەکێشن بۆ ئەو بڕوایەی کە چین دەتوانێت پەیوەندی ئاشتیانەی هەبێت بەشێوەیەکی ڕێژەیی لەگەڵ دراوسێیەکانی و لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش بەهەمان شێوە. با چەند دیدگا و تێڕوانینێکی جیاواز بۆ ئەم نموونەیە لەبەرچاو بگرین، و با لە ڕیالیزمی هێرشخوازانەوە دەستپێبکەین، کە پێشبینی دەکات چین کە بەردەوامە لە بەهێزبوون لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بچنە نێو ڕکابەرییەکی تووند و دژواری ئاسایشیەوە، کە لە دوو توێیدا چەند ئەگەرێکی گەورەی ڕوودانی جەنگ لەخۆی دەگرێت.

## بەهێزبوونی بەردەوامی چین لە ڕووانگەی ڕیالیزمی هێرشخوازەوە

بەپێی تێڕوانینی ڕیالیزمی هێرشخوازانە، ئامانجی کۆتایی زلهێزان بریتییە لە بەدەستهێنانی هەژموون، چونکە ئەمە چاکترین ئامرازی دەستەبەری مانەوەیە. لە ڕاستیدا، کارێکی نزیك لە ئەستەمە

بۆ هەر دەوڵەتێك کە هەژموونی جیهانی بەدەستبخات، چونکە هەڵسانی دەوڵەت بە دەرخستنی هێزی خۆی لە تێکڕای ناوچەکانی جیهان، و لە هەرێمی زلهێزەکان کە دووره دەستن، بەهەمان شێوه پاراستنی هێز لەو ناوچانە، دوو کاری زۆر سەختن. بەڕاستی چاکترین دەرئەنجام کە دەکرێت دەوڵەت حەز بکات بەوەی پێی بگات، ئەوەیە ببێتە خاوەن هەژموونی هەرێمی، ئەمە مانای ئەوە دەگەیەنێت کە زاڵ و باڵادەست بێت بەسەر ناوچەی جوگرافی تایبەت بەخۆی. و بەدڵنیاییەوە ((باوکانی دامەزرێنەر))ـی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لەم بیرکردنەوە و لۆژیکەی تێگەیشتوون، بۆیە هەوڵیان داوه و تێکۆشاون بۆ ئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکەنە هێزی باڵادەست و زاڵ لە نیوه گۆی خۆرئاوای زەوی. لە ساڵی ١٨٩٨ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەژموونی هەرێمی بەدەستهێنا. لەگەڵ ئەوەی کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەهێزتر بووه لەوەتەی ئەو ماوەیە، ئەوا ئەمڕۆش ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەهێزترین دەوڵەتە لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا، کەچی هێشتا نەبووەتە خاوەن هەژموونی جیهانی.

ئامانجی زیاتر هەیە بۆ ئەو دەوڵەتانەی هەژموونی هەرێمی بەدەستدەهێنن، ئەویش ئەوەیە هەوڵ دەدەن بۆ ڕێگری کردن لە

بەرگرتن و ڕێگەگرتن لە زلهێزەکان لەوەی لە ناوچەی جوگرافی دیکە هەمان ئەو ئاستەی هەژموونی بەدەستبهێنن، کە ئەو پێی گەیشتووە. ئەو زلهێزانەی خاوەن هەژموونی هەرێمین، حەز بەوە ناکەن ڕکابەری هاوشێوەیان کە ڕکابەریان بکەن. بەڵکو حەز دەکات هەرێمەکانی دیکە بە دابەشکراوی بمێننەوە لە نێوان چەند دەوڵەتێکی گەورەدا، ئەو کات ڕکابەری و ململانێ دەکەن لە نێوان خۆیاندا، بەجۆرێك کە لە پێگەیەکدا نابن کە مۆڵەتیان پێبدات کە سەرنجیان لەسەر ئەو زلهێزەی خاوەن هەژموونی هەرێمییە چڕ بکەنەوە. لەسەر ئەم بنەمایە، دوای ئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا باڵادەستی و هەژموونی هەرێمی بەدەستهێنا، ئەوا ئەوپەڕی هەوڵ و کۆششی خۆیدا بۆ ڕێگەگرتن و بەرگرتن لەوەی زلهێزەکانی دیکە ببنە خاوەن هەژموونی بەسەر ئاسیا و ئەوڕوپا. چوار زلهێز هەبوون لە سەدەی بیستەم، ئەو توانایەیان هەبوو کە هەوڵی بەدەستهێنانی هەژموونی هەرێمی بدەن، ئەوانیش ئەمانە بوون: ئیمپڕاتۆریەتی ئەڵمانی (١٩٠٠ – ١٩١٨)، ئیمپڕاتۆریەتی یابانی (١٩٣١ – ١٩٤٥)، ئەڵمانیای نازی (١٩٣٣ – ١٩٤٥)، یەکێتی سۆفیەت (١٩٤٥ – ١٩٨٩). لە هەر حاڵ و دۆخێکدا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕۆڵێکی سەرەکی بینی لە شکست پێهێنان

و هەڵوەشاندنەوەی ئەو هێزە ناوبراوانە، کە دەیانویست ببنە خاوەن هەژموونی. بەکورتی، بارودۆخی نموونەیی بۆ هەر زلهێزێك، ئەوەیە کە خۆی تاکە زلهێزی خاوەن هەژموونی هەرێمی بێت لە جیهاندا.

ئەگەر ئەوەی ڕیالیزمی هێرشخواز دەیڵێت ڕاست بێت، ئەوە پێویستە لەسەرمان پێشبینی ئەوە لە چین بکەین، کە بەردەوامە لە بەهێز بوون، کە لاسایی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکاتەوە، بەوەی هەوڵ بۆ ئەوە دەدات ببێتە خاوەن هەژموونێکی هەرێمی لە ئاسیا. هەروەها چین هەوڵ دەدات بۆ فراوان کردن و گەورە کردنی بۆشایی و جیاوازی هێزی نێوان خۆی و دراوسێیەکانی تا ئەوپەڕی سنوور، بەتایبەت یابان و چین. چین دەیەوێت دڵنیاببێتەوە لەوەی کە ئەوەندە زۆر بەهێزە، تا ئاستێك کە هیچ دەوڵەتێك لە ئاسیا ئەو ئامرازانەی لەبەردەست نەبن کە هەڕەشەی پێ لێبکەن. دەکرێ چین کە هێزی بەردەوام لە زیاد بووندایە هەوڵ بدات، هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا وەدەربنێت بۆ دەرەوەی سنووری کیشوەری ئاسیا، بەهەمان ئەو ڕێگە و شێوازەی کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گرتیەبەر، بۆ وەردەرنانی زلهێزە ئەوڕوپییەکان بۆ دەرەوەی نیوە گۆی خۆرئاوای زەوی لە سەدەی نۆزدەم. تەنانەت دەکرێت پێشبینی

ئەوە بکەین، کە چین نموونەی تایبەت بەخۆی دابهێنێ بە داتاشینی لە ڕێبیری مۆنرۆ (مبدأ مونرو: Monroe Doctrine).

لە ڕووانگەی دیدگای چینەوە، ئەم ئامانجە سیاسیانە لە ڕووی ستراتیژیەوە ژیرانە و لۆژیکیانەن. شتێکی سروشتییە کە پەکین حەز بکات، کە هەر دوو دراوسێیەکەی کە یابان و ڕووسیان لە ڕووی سەربازیەوە لاواز بن، ڕێك وەك ئەوەی دڵخوازی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، لەوەی دەیەوێ دوو دەوڵەتی لاواز هەبن، لە ڕووی سەربازییەوە لەسەر سنوورەکانی، وەك: کەنەدا و مەکسیك. تێکڕای چینیەکان ئەوەیان لەیادە کە لە سەدەی ڕابردوو ڕوویدا، کاتێك یابان بەهێز و چینیش لاواز بوو. سەرەڕای ئەمە، هیچ هۆکارێك نییە کە وا لە چین بکات، بوونی هێزە سەربازییە ڕۆڵگێڕەکانی ئەمریکا لەبەر دەرگای ماڵەکەی قبولێ بکات. داڕێژەرانی سیاسەتی ئەمریکا لە تووڕەییدا خەریکە بتۆقێن کاتێك هەر یەکێك لە زلهێزەکانی دیکە هێزی سەربازی خۆیان ڕەوانەی نیوەگۆی خۆرئاوای زەوی دەکات. بێ گومان وا سەیری ئەم هەنگاوە دەکرێ کە هەڕەشەیەکی گریمانەکراوە بۆ سەر ئاسایشی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. پێویستە هەمان بیرکردنەوە و لۆژیك لەسەر چین جێبەجێ بکرێت.

له تۆماری مێژووییدا دەردەکەوێت، کە کاردانەوەی داڕێژەرانی سیاسەتی ئەمریکا چۆن دەبێت، ئەگەر هاتوو چین هەوڵیدا ببێتە خاوەن هەژموونی بەسەر ئاسیادا. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرگەی بوونی زلهێزانێك ناگرێت کە ڕکابەری ئەو بن، ئەمەش لە میانەی سەدەی بیستەمدا بە ڕوونی دیار بوو، بە جۆرێکیش نەخشەسازی بۆ کراوە کە خۆی بەتاکە خاوەن هەژموونی هەرێمی بمێنێتەوە. لەبەر ئەمە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەوڵ دەدات، کە خولیا و ئاواتی چین کۆت و بەند و لاواز بکات، تا ئاستێك کە چیتر هەڕەشە نەبێت بەسەر لوتکە فەرمان بەدەستەکان لە ئاسیادا. پوختەی وتە ئەوەیە کە دەکرێت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەو ڕێگە و شێوازەی مامەڵەی لەگەڵ یەکێتی سۆفیەت کرد لە ماوەی جەنگی ساردا، بەهەمان ڕێگە و شێوە مامەڵە مامەڵە لەگەڵ چین بکات. گومان لەوەدا نییە کە دەوڵەتە دراوسێییەکانی چین لە گەشە و بەهێزبوونی بەردەوامی دەترسن، ئەوانیش بەهەمان شێوە ئەوەی لە توانایاندا بێت دەیکەن بۆ ڕێگری کردن لەوەی چین ببێتە خاوەن هەژموونی هەرێمی. لە ڕاستیدا، هەندێك بەڵگە هەن کە دەوڵەتانێکی وەك: هیند و یابان و ڕووسیا، سەرباری هێزەکانی دیکە کە بچوکترن وەك: سەنگاپورە، کۆریای باشور، ڤێتنام، لە

بەهێزبوونی بەردەوامی چین دەترسن، بەدوای چەند ڕێگەیەکدا دەگەڕێن بۆ کۆت و بەندکردنی خولیا و ئاواتەکانی. لەکۆتاییدا، ئەم دەوڵەتانە دەچنە پاڵ هاوپەیمانێتیەکی هاوسەنگکار، کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەرکردایەتی دەکات، بۆ وەستاندنی بەهێزبوونی بەردەوامی چین، ڕێك وەك ئەوەی ڕوویدا کاتێك بەریتانیا، فەڕەنسا، ئەڵمانیا، ئیتاڵیا، یابان، تەنانەت چینیش هاوپەیمانێتیەکی سەربازیان بەست لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بۆ گەمارۆدان و ئابلۆقەدانی یەکێتی سۆفیەت، لە ماوەی جەنگی سارددا.

## بەهێزبوونی بەردەوامی چین لە ڕووانگەی ڕیالیزمی بەرگریخوازەوە

بەپێچەوانەوەی ڕیالیزمی هێرشخواز، ڕیالیزمی بەرگریخواز گێڕانەوەیەکی گەشبینانەتر دەگرێتەوە، سەبارەت بە بەهێزبوونی چین. بەدڵنیایەوە، ڕیالیستە بەرگریخوازەکان پەیی بەوە دەبەن، کە سیستەمی نێودەوڵەتی پاڵنەر و هاندەری بەهێز بۆ دەوڵەتان دروست دەکات، تا حەز بە زیادکردنی بەشە هێزی خۆیان بکەن، تا مانەوەی خۆیان مسۆگەر بکەن. چینی زەبەلاح هەڵاوێردراو نابێ لەمە،

لەمەودوا ئەو دەوڵەتانەی دراوسێ و دەوروبەری هەر یەکێك لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و چین ناچار دەبن هاوسەنگی دروست بکەن، لە دژی چین تا لە ژێر جلەو دەرنەچێ. ڕکابەری ئاسایشی بە تەواوی ون نابێ لە ئاسیا، لەگەڵ گەشەی هێزی چین، ڕیالیستە بەرگریخوازەکان بەجۆرێك نین کە نموونەگەرا بن و خەون ببینن.

سەرباری ئەمە، ڕیالیزمی بەرگریخواز هۆکارێکمان پێدەدات، تا باوەڕ بەوە بهێنین کە ڕکابەری ئاسایشی، کە دەوری بەهێزبوونی بەردەوامی چین دەدات زۆر توند و دژوار نابێت، و چین توانای بەیەکەوەژیانی ئاشتیانەی دەبێت لەگەڵ دراوسێیەکانی و لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەشێوەیەکی یەکسان. سەرەتا، شتێکی نا ژیرانەیە لە ڕووی ستراتیژیەوە دەوڵەتە زلهێزەکان هەوڵی بەدەستهێنانی هەژموون بدەن، چونکە ئەو هێزەی ڕکابەریەتی هاوپەیمانیەك دروست دەکات کە هاوسەنگی دێنێتە ئارا و بەرەنگاری دەبێتەوە، یان هەتا تەنانەت تێکیشی دەشکێنێ. ئەوەی بۆ سەرانی چین زۆر زیرەکانە و بلیمەتانەیە، ئەوەیە وەك بیسمارك هەڵسوکەوت بکەن، کە هەرگیز هەوڵی نەدەدا ببێتە خاوەن هەژموون بەسەر ئەوروپادا، بەڵام سەرباری ئەوەش ئەڵمانیای کردە دەوڵەتێکی زلهێز

و مەزن، لە جیاتی ئەوەی وەك ئیمپڕاتۆر (قەیسەر) فیلهلم یان ئەدۆڵف هێتلەر مامەڵە بکات، کە هەر دووکیان هەوڵیاندا ببنە خاوەن هەژموون، بەمەش ئەڵمانیایان بەرەو لەناوچوون و تیاچوون برد. ئەمەش نکۆڵی کردنی ئەو ڕاستیەی تێدا نییە کە چین هەوڵ دەدات ببێتە خاوەن هەژموون لە ئاسیا. بەڵام بونیادی سیستەمەکە ئەوە بەسەر چیندا دەسەپێنێت، کە دەبێت ئامانجەکانی سنووردار و دیاریکراو بن، ناکرێ تا ئاستێك گەوج بێت، کە هەوڵی زیاد کردنی بەشە هێزی خۆی بدات، لە هێزی جیهانی تا ئەوپەڕی سنوور. و گریمانەی ئەوەش دەکرێت کە دەورەدان و ئابلۆقەدانی چینی بەهێز، کە حەز و ئارەزووی سنووردار بێت، بەشێوەیەکی ڕێژەیی کارێکی ئاسان دەبێت، بارودۆخەکە بەهەمان شێوە دەبێت، سەبارەت بە بەشدارپێکردنی لە هەوڵەکانی هاریکاریدا.

بوونی چەکی ناوەکی (ئەتۆمی)، هۆکارێکی دیکەیە کە پاڵنەری گەشبینیە، چونکە سەختە بۆ هەر زلهێزێك، هەوڵی فراوانخوازی بدات، لەکاتێکدا ڕووبەڕووی چەند زلهێزێك دەبێتەوە، کە خاوەنی چەکی ناوەکین. جا هەر یەکە لە هیند، ڕووسیا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، هەموویان خاوەنی جبەخانەی ناوەکین، لە توانای دەوڵەتی یاباندایە بە خێرایی ببێتە دەوڵەتێکی خاوەن چەکی

ناوەکی (ئەتۆمی)، لە هەر کاتێك کە هەست بە مەترسییەك بکات کە هەڕەشە بێت بۆی لەلایەن چینەوە.

ئەو کات ئەگەرێکی کراوە و بەهێز دەبێت کە ئەو دەوڵەتە ناوبراوانە، کرۆکی هاوپەیمانێتیەك پێك بهێنن بە مەبەستی هاوسەنگی دروستکردن لە دژی چین، ئەو کات ئاسان نابێت بۆ چین کە بیانترسێنێت، هەر چەندە چەکی ناوەکیشی هەبێت. لە ڕاستیدا، ئەگەری پەسەند و بەهێز ئەوەیە کە چین، بە وریایەوە هەڵسوکەوت بکات، لە دژی ئەو دەوڵەتانە، بەهۆی ترسانی لە هەڵگیرسانی ناکۆکییەك، کە لەوانەیە هەڵبکشێت تا بگاتە ئاستی ناکۆکی و ململانێی ناوەکی. بەکورتی و پوختی، بەدڵنیایەوە چەکی ناوەکی دەتوانێت پاڵنەر بێت بە ئاڕاستەی ئاشتی، ئەگەر چین بەردەوام بوو لە بەهێزبوون و گەشەکردنی خۆی.

لەکۆتاییدا، سەختە ئەو دەستکەوتانە ببینرێن، کە چین دەیانچنێتەوە و بەدەستیان دەهێنێت، لە میانەی هێرش کردنی بۆ سەر هەندێك دەوڵەتی دیکەی ئاسیایی. ئابووری چین وایلێهاتووە بەخێراییەکی زۆر سەرنجڕاکێش گەشە دەکات، بەبێ بوونی وەبەرهێنانی بیانی، بەڵگەش بەوە دەهێنرێتەوە کە هێرش و پەلاماردانەکە پێویستە، لە پێناو کۆکردنەوەی سەروەت و سامانێکی

گەورە بێت. سەرباری ئەمە، ئەگەر چین دەستی کرد بە هێرش و پەلاماردانی دەوڵەتان و داگیری کردن، ئەوە بە ئەگەری زۆر ڕووبەڕووی بەرەنگاربوونەوەیەکی توند و دژوار دەبێتەوە لەلایەن ئەو گەلانەی دەکەونە ژێر دەسەڵات و هەژموونی.

پێویستە ئەزموونی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە عێڕاق، وەك هۆشداریەك بێت بۆ چین، بەوەی تێچووی فراوانخوازی لە سەردەمی نەتەوەخوازی (nationalism) لەو سوود و دەستکەوتانە زیاترە، کە لە بەرئەنجامی فراوانخوازییەکە دەیچنێتەوە و بەدەستی دەخات.

سەرباری ئەوەی ئەم ڕەچاوکردنانە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە هەڵکشان و بەردەوام بەهێزبوونی چین، پێویستە بەشێوەیەکی ڕێژەیی ئاشتیانە بێت، ئەوە ڕیالیستە بەرگریخوازەکان ئەو گریمانەش ڕەچاو دەکەن، کە لەوانەیە هۆکارە سیاسییە ناوخۆییەکان پاڵ بە پەکینەوە بنێن، تا بە گەوجانە لە ڕووی ستراتیژیەوە مامەڵە بکەن، چونکە ئەوان پەیی بەوە دەبەن کە ئەڵمانیای ئیمپریالی، یابانی ئیمپریالی، ئەڵمانیای نازی، بەبێ دانایی و حیکمەت هەوڵیاندا ببنە خاوەن هەژموونی. بەڵام جەختیش لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە ئەو هەڵسوکەوتانەی زلهێزەکان پاڵنراون بە

دەرد و ناخۆشیە سیاسییە ناوخۆییەکان، نەوەك پاڵنراوبن بە بیرکردنەوە و لۆژیکی ستراتیژی دروست و سەلامەت. لەبەرئەوەی ئەمە دەکریٚ ڕاست دەربچیٚت، ئەوە بوار بەکراوەیی دەهیٚڵیٚتەوە لەبەردەم ئەگەری ئەوەی چین ڕیٚگایەکی هاوشیٚوە بگریٚتەبەر، لەو حاڵ و دۆخەشدا ئەوە هەڵکشان و بەهیٚزبوونی بەردەوامی چین ئاشتیانە نابیٚت.

لیٚرەدا دیدگایەکی دیکەی ڕیالیزمی بونیادی هەیە، بۆ هەڵسەنگاندنی ئەوەی کە ئایا بەهیٚزبوونی بەردەوامی چین ئاشتیانە دەبیٚت یان نا. ئەگەر جیهان تاکجەمسەر بیٚت، هەروەك ڕیالیستە بونیادیەکان پیٚیان وایە، ئەوە لەکۆتایی ڕیٚگاکەدا گەشەی هیٚزی چین کار لەسەر دانانی سنووریٚك دەکات بۆ تاکجەمسەری. کاتیٚکیش ئەمە ڕوودەدات، ئەوە جیهان وەردەچەرخیٚ بۆ شویٚنیٚکی مەترسیدارتر، چونکە ڕوودانی جەنگی نیٚوان زلهیٚزەکان لە سیستەمی تاکجەمسەریدا ناکریٚت ببیٚ، بەڵام ئەگەر هەر یەکە لە چین و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دوو زلهیٚزی زۆر مەزن بن ئەوە دەکریٚت جەنگی نیٚوان زلهیٚزەکان ڕووبدات. سەرەڕای ئەمە، ئەگەر یابان چەکی ناوەکی بەدەستهیٚنا، ڕووسیا کاروباری ناوخۆی خۆی ڕیٚکخست، هیند بەردەوام بیٚت لە بەهیٚزبوون و گەشەکردن، ئەوە

ژمارەیەك زلهێزی وا لە سیستەمەكەدا بوونیان دەبێت كە بەسن و كەم نین، ئەمەش ئەگەری ڕوودانی ناكۆكی نێوان زلهێزەكان زیاتر دەكات.

بێ گومان، لەوانەیە مشتومڕ لەبارەی ئەوەوە بكرێت، كە بەهێزبوونی بەردەوامی چین، سەردەكێشێت بۆ دووجەمسەری، ئەمەش بونیادێكی سەلامەتە بەشێوەیەكی ڕێژەیی، تەنانەت ئەگەر بەوشێوەیەی كە لە سیستەمی تاكجەمسەریدا هەیە ئارام نەبێت. بۆ نموونە، هیچ جەنگ و شەڕێكی گەرم لە نێوان هەر دوو زلهێزە گەورەكە ڕووینەدا، لە ماوەی جەنگی سارد. بەدڵنیایەوە، ڕكابەری ئاسایشی نێوانیان زۆر توند و دژوار نەبوو لە دوای قەیرانی مووشەكە كوبیەكان. بارودۆخەكە پێش ئەو كات زۆر مەترسیدارتر بوو، هۆكارە سەرەكیەكەش ئەوە بوو كە لەسەر ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا و یەكێتی سۆفیەت پێویست بوو بەرەنگاری شۆڕشی ناوەكی ببوونایەوە، بەهەمان شێوە لەسەریان پێویست بوو یاساكانی ڕێگاكان و هاتوچۆ بزانن، بۆ هەڵسوكەوت كردن لەگەڵ یەكتر، لە سایەی سیستەمی دووجەمسەریدا، كە ئەو كات بونیادێكی نوێ بوو و باو نەبوو. بەڵام چین و ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا، سوود لە هەموو ئەو وانانە وەردەگرن، كە لەماوەی جەنگی سارد لێیەوە

فێربوون، هەر یەکێکیشیان دەتوانێت هەر لەسەرەتاوە مامەڵە لەگەڵ ئەوەی دیکە بکات، بەو ڕێگا و شێوازەی مۆسکۆ مامەڵەی پێ لەگەڵ واشنتۆن کرد لە دوای ساڵی ١٩٦٢.

ڕیالیستە بونیادییەکان کۆدەنگ نین، لەسەر قبولّ کردنی بەڵگە، لەسەر ئەوەی کە دووجەمسەری لە فرەجەمسەری زیاتر بەلای ئاشتیدا دەچێت، ئەوان پێیان وایە گەڕانەوە بۆ دووجەمسەری پاڵنەرە بەرەو ڕەشبینی.

بەڵام ئەگەر هاودەم لەگەڵ بەهێزبوونی بەردەوامی چین زلهێزێکی دیکەش دەرکەوت، ئەوە ئەو فرەجەمسەریەی لێی دروست دەبێت، ئەوە پاڵنەرێکی گەورەتر بەو ڕیالیزمانە دەدات کە پاڵنەر بێت بۆ گەشبینی.

لەکۆتاییدا، سەبارەت بە ڕیالیستە بونیادییەکان، کە باوەڕیان وایە کە باڵادەستی و زاڵبوون ئاشتی لێدەکەوێتەوە، ئەوە بەردەوام بەهێزبوونی چین و دەرکەوتنی، هەواڵێکی ڕەشبینکەر نابێت. ئەوان پێیان وایە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کاریگەری هەبوو لە ئارامکردنەوەی سیاسەتی نێودەوڵەتی. هیچ زلهێزێکی دیکە و هیچ هێزێکی بچوکیش لێرەدا بوونی نییە، کە بوێری ئەوە بکات شەڕ

هەڵبگیرسێنێت لەگەڵ ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، مادەم لە لوتکە زلهێزانی جیهانیدا جێگای گرتووە. بەڵام شتێکی ڕوون و ئاشکرایە کە دۆخەکە دەگۆڕێت، ئەگەر چین لە بەهێزبوون بەردەوام بوو تا ئاستێك، کە نزیك بێت لە ئاستی هێزی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. ئەو کات باڵادەستییەکەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نامێنێت، بەدڵنیایشەوە بەبێ ئەمە جیهان دەبێتە شوێنێکی زۆر مەترسیدارتر. بێ گومان، ئەو ڕیالیزمانە ڕایان وایە کە ئەو کات چەندین پاڵنەری بەهێز دەبن، بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بۆ هەڵگیرساندنی جەنگێکی خۆپارێزی لە دژی چین، تا هەڵکشان و گەشە و بەهێزبوونە بەردەوامەکەی پەکبخات.

بەکورتی و پوختی، هیچ کۆدەنگیەك نییە لە نێوان ڕیالیستە بونیادییەکان، سەبارەت بە ئەگەری بەهێزبوونی بەردەوام و گەشەی چین ئاشتیانەبێ. ئینجا بوونی تێڕوانینی جیاواز شتێکی نامۆ نییە، لەبەر ئەوەی ئەو ڕیالیستانە لە نێوان خۆیاندا ڕای جیاوازیان هەیە، سەبارەت بە ڕادەی ئەو هێزەی کە پێویستە دەوڵەتان بەدەستی بخەن، سەرباری ئەوەی ڕا و بۆچوونی جیاوازیان هەیە دەربارەی ئەو هۆکارانەی، کە پاڵنەرن بۆ ڕوودانی جەنگەکان. تاکە خاڵی گرنگ کە

لەسەر کۆکن ئەوەیە، کە بونیاد (پێکهاتە)ی سیستەمی نێودەوڵەتی زلهێزان ناچار دەکات، لە نێوان خۆیاندا ڕکابەری بکەن لە پێناو بەدەستهێنانی هێز.

## دەرئەنجام

لە ماوەی نەوەدەکانی سەدەی بیستەم، شتێکی باوبوو کە زانایان و توێژەرە ئەکادیمییەکان، جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە جیهان بەشێوەیەکی خێرا، لە وەرچەرخاندایە بەرەو ئاراستەیەکی سەقامگیرتر و سەلامەتتر، بەدڵنیایەوە ڕیالیزم مردووە. هەروەها وترا لەگەڵ کۆتایی هاتنی جەنگی سارد، ئەوە سیاسەتی نێودەوڵەتی گۆڕانی بەسەردا هاتووە. وا گریمانە دەکرا کە جیهانگیری لایەنە ئابوورییەکان، کە دەوڵەت بە چەندین پەیوەندی و ڕایەڵ و بەستەری ئاڵۆز و لێکدراو ببەسترێتەوە، تەنانەت هەتا هەندێکیان پێشبینیان کرد کە بەو نزیکانە دەوڵەت نامێنێت. هەندێکی دیکە بۆچوونیان وابوو، کە بۆ یەکەم جارە بارودۆخەکە بگاتە ئەو ئاستەی دەستەبژێری خۆرئاوا، بیر لە سیاسەتی نێودەوڵەتی بکەنەوە و قسەی لەبارەوە بکەن، بە چەند گوزارشتێك کە هاریکار و گەشبینتر، جیهانگیری زانست و زانیاریەکان یارمەتیدەرن بۆ بڵاوبوونەوەی ئەم ئاڕاستە تازەیە.

زۆرێکیان مشتومڕیان لەسەر ئەوە دەکرد، کە دیموکراسیەت بەردەوام لە بڵاوبوونەوەی زیاتردایە لە هەموو ناوچەکانی جیهاندا، و لەبەر ئەوەی دەوڵەتە دیموکراسییەکان شەڕ لەگەڵ یەکتر ناکەن، بۆیە بەدڵنیاییەوە ئێمە گەیشتووینەتە ((کۆتایی مێژوو))(٩). بەڵام هەندێکی دیکەیان بۆچوونیان وابوو کە دامەزراوە نێودەوڵەتیەکان، لەم دواییانەدا تواناکانیان گەشەپێدەدەن، لەوەی وا لە زلهێزە مەزنەکان بکەن، کە بەپێی یاسا ڕەفتار بکەن، نەوەك بەپێی ڕیالیزمانە مامەڵە بکەن.

لە دوای یازدەی ئەیلول/ سێپتێمبەر، ئەم گەشبینیە کەم بووەوە، تەنانەت وایلێهات خەریك بوو بە تەواوی وون ببێت، ڕیالیزم سەرلەنوێ بە توندی گەڕایەوە. هۆکاری سەرەکیش لە دووبارە زیندووکردنەوەی بەشێوەیەکی لاوەکی، دەگەڕێتەوە بۆ ڕاستییەك کە نزیکەی هەموو ڕیالیسێك دژی جەنگی عێراق بوو، کە گۆڕا بۆ کارەساتێکی ستراتیژی بەشێوەیەکی ڕێژەیی، سەبارەت بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و شانشینی یەکگرتووە. بەڵام گرنگتر لەوە، ئەوە بوو کە هیچ هۆکارێکی گەورە نەبوو کە پاڵنەر بێت بۆ باوەڕبوون بەوەی جیهانگیری یان دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان دەوڵەتیان پەکخستووە، نا بەڵکو وا دەردەکەوێ کە ئایندەیەکی گەش بۆ

دەوڵەت هەیە، چونکە لە بنەڕەتدا نەتەوەخوازی، کە دەوڵەت بە شکۆدار و پیرۆز دادەنێت، بەدڵنیاییەوە هزر و ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسی ڕەگ داکوتاوە. تەنانەت لە ئەوروپای خۆرئاواش، تەواوکارییەکی ئابووری وا پێشهاتووە کە پێشینەی بۆ نەبووە، هێشتا دەوڵەت لە ژیاندایە و زیندووە و تەندروستییەکی باشی هەیە.

سەرباری ئەمە، هێشتا هێزی سەربازی هۆکار و ئامرازێکی یەکلاکەرەوەیە لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و شانشینی یەکگرتوو هاوبەشبوون، لە پێنج جەنگ لەگەڵ یەکدا، لەوەتەی کۆتایی هاتنی جەنگی سارد لە ساڵی ١٩٨٩، لەکاتێکدا دوو دەوڵەتی هەرە گەورەی لیبڕالین لە جیهاندا. هەر یەکێك لە ئێران و کۆریای باکور ئەوەمان بیردەخەنەوە، کە بڵاوبوونەوەی چەکی ناوەکی بە کێشەیەکی گەورە دەمێنێتەوە، بەڕاستی سەخت نییە وێنای سیناریۆی وا بکەی کە بچێتە عەقڵەوە، کە کۆتایی ڕێڕەوەکە هیند و پاکستان بچنە نێو جەنگێکی گەرمەوە، کە چەکی ناوەکی تێدا بەکاربهێنرێت. لەهەمان شێوە دەکرێت، هەرچەندە ئەگەرێکی بەهێزیش نییە، کە چین و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ناچار بکرێن جەنگ لەگەڵ یەکتردا بەرپا بکەن لەبارەی تایوان، یان تەنانەت هەتا لەبارەی کۆریای باکور.

دەربارەی ئەوەی پەیوەستە بە گەشەکردن و بەهێزبوونی چینەوە، هەتا ئەوانەشیان کە گەشبینن، دان بەوەدا دەنێن کە ئەگەرێك هەیە بۆ ڕوودانی شڵەژانی زۆر مەترسیدار، لە حاڵێکدا ئەگەر بە شێوازێکی خراپ مامەڵەکرا لەگەڵ سیاسەتەکانی پەیوەست بەو گۆڕانە قوڵە لە هێزی جیهانیدا.

پوختەی وتە، ئەوەیە کە جیهان بە شوێنێکی مەترسیدار دەمێنێتەوە، سەرباری ئەوەی کە ئاستی مەترسی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە، و لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی دیکە دەگۆڕێت، هێشتا دەوڵەتان دوودڵن دەربارەی پرسی مانەوەیان، ئەمەش ئەو مانایە دەگەیەنێت کە بژاردەی زۆری لەبەردەستدا نین، جگە لەوەی کە پێویستە ئاگاداری تەرازوو و هاوسەنگی هێز بێ. هێشتا سیاسەتی نێودەوڵەتی هاوواتا و هاومانای سیاسەتی هێزە، بەهەمان ئەو حاڵ و دۆخەی کە هەیە لەوەتەی سەرەتای مێژووی تۆمارکراو تا ئەمڕۆ. لەبەرئەمە، لەسەر فێرخوازانی پسپۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بە دوور و درێژی و بەقوڵی بیر بکەنەوە لە چەمکی هێز، تیۆروانینی تایبەتی خۆیان گەشەپێبدەن، لەبارەی ئەو پاڵنەرانەی هانی دەوڵەتان دەدەن بۆ ئەوەی هێز بەدەستبهێنن، و ئەندازەی ئەو هێزە چەندە کە پێویستە دەوڵەت هەیبێت، چ کاتێك

ئەگەری ئەوە بەهێزە کە ڕکابەری ئاسایشی سەربکێشێت بۆ جەنگ. بەڕاستی بیرکردنەوە بەشێوەیەکی ژیرانە، لەم پرسانەدا پێویستە بۆ گەشەپێدانی ستراتیژی ژیرانە و زیرەکانە، ئەمەش تاکە ڕێگەیە، کە دەوڵەتان لە میانەیدا دەتوانن لە مەترسییەکانی پشێوی سیستەمی نێودەوڵەتی کەم بکەنەوە.

## چەند پرسیارێك:

١. بۆچی دەوڵەتان لە دۆخی پشێوی نێودەوڵەتی لە یەکتر دەترسن؟

٢. ئایا هیچ ڕێگایەکی کارا هەیە، کە جێگای پشتپێبەستن بێ، لە دیاریکردن و زانینی نیاز و مەبەستی دەوڵەتەکان؟

٣. ئایا ئەگەرێکی بەهێز هەیە، کە بەهێزبوون و دەرکەوتنی چین وەك بەهێزبوون و دەرکەوتنی ئەڵمانیا بێ لە نێوان ساڵانی ١٩٠٠ و ١٩٤٥؟

٤. ئایا کارێکی ژیرانەیە دەوڵەتەکان هەوڵی بەدەستهێنانی هەژموونی بدەن؟

٥. بۆچی جەنگی سارد جەنگێکی گەرم نەدەبوو؟

٦. ئایا دروستە گریمانەی ئەوە بکەین کە دەوڵەتان ژیر و هۆشمەندن؟

٧. ئایا هاوسەنگی هێز بەرپەرچدەرەوەیەکی کارایە لە دژی دەوڵەتانی دەستدرێژیکەر و پەلاماردەر؟

٨. ئایا ئاریشەی ئاسایشی (المعضلة الأمنية: security dilemma) چییە؟ ئایا لێرەدا هیچ چارەسەرێکی بۆ هەیە؟

٩. ئایا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە خاوەن هەژموونی جیهانی دادەنرێ؟

١٠.ئایا تاکجەمسەری یان دووجەمسەری یاخود فرەجەمسەری ئاشتیانەترە؟

١١.ئایا ڕیالیزم پەیوەندی هەیە بە ئەوڕوپای هاوچەرخەوە؟

١٢.ئایا مەرگەسات (تراژیدیا)ی سیاسەتی زلهێزان چییە؟

## بۆ خوێندنەوەی زیاتر لەم بارەوە [بە زمانی ئینگلیزی]

Brown, M. E., Coté Jr. O. R., Lynn-Jones, S. M., and Miller, S. E. (eds) (2004), *Offense, Defense, and War* (Cambridge, MA: MIT Press).

ئەم کتێبە چەند وتارێکی گرنگ و بنەڕەتی ڕیالیستە بونیادییەکانی تێدایە، وتارەکانی ڕۆبێرت جێڤرسۆنی تێدایە، کە بە ڕەگەزێکی سەرەکی دادەنرێ لەم بوارەدا، ناونیشانی وتارەکەشی ئەمەیە: ((هاریکاری لە سایەی ئارێشەی ئاسایشیدا))، کە لە گۆڤاری جیهانی (سیاسەتی جیهانی: World Politics) لە ساڵی ١٩٧٨ بڵاوکراوەتەوە.

Copeland, D. C. (2000), *The Origins of Major War* (Ithaca, NY: Cornell University Press).

پوختەیەکی ئاست بەرزە بۆ بانگەشەی ئەوەی هۆکاری جەنگە گەورەکان، گۆڕانی توند و زۆرە لە تەرازووی هێزدا.

Dickinson, G. L. (1916), *The European Anarchy* (New York Macmillan Company).

کتێبێکی کورت و پوختە، بەڵام زۆر نایابە، کە بە چەمکی پشێوی نێودەوڵەتی ناسراوە.

Dunne, T. and Schmidt, B. (2004), "Realism', in J. Baylis and S. Smith (eds). *The Globalization of World Politics*, 3rd edn (Oxford: Oxford University Press).

بەشێکی ئاسانکراو و سانایە بۆ تێگەیشتن، پلانێك بۆ گفتوگۆیە سەرەکییەکان دادەڕێژێ، کە لەبارەی ڕیالیزم و ئەو بابەتانەی پێیەوە پەیوەستن دەدوێ.

Mearsheimer, J.J. (2001), *The Tragedy of Great Power Politics* (New York: Norton).

گێڕانەوەیەکی زۆر هەمەلایەنە بۆ ڕیالیزمی هێرشخواز.

Posen, B. R. (1984), *The Sources of Military Doctrine* (Ithaca, NY: Cornell University Press).

کتێبێکی ژیرانەیە، سنووردارێتیەکانی ڕیالیزمی بونیادی لە ڕاڤەی ڕێبازی سەربازیدا دەخاتەڕوو.

Schmidt, B. C. (1998), *The Political Discourse of Anarchy* (Albany, NY: State University of New York Press).

مێژووی ساڵانی سەرەتای تەمەنی پسپۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، تیایدا باڵادەستی ڕیالیزم دەخاتەڕوو.

Snyder, J. (1991), *Myths of Empire: Domestic Politics and the International Ambition* (Ithaca, NY: Cornell University Press).

چەند توێژینەوەیەکی ناوازە و نایابن، بۆ چەند دۆخێکی پەیوەست بەو ڕێگا و شێوازانەی، کە زلهێزان مامەڵیان پێکردووە لە سەدەی بیستەم، لە ڕووانگەی تیۆری ڕیالیزمی بەرگریخواز.

Van Evera, S. (1999), *Causes of War: Power and the Roots of Conflict* (Ithaca, NY: Cornell University Press).

توێژینەوەیەکی گرنگە، تاوتوێی ئەوە دەکات کە تەرازووی هێرش و بەرگری، زۆرێك لە مێژووی نێودەوڵەتی شرۆڤە دەکات.

Walt, S. M. (1987), *The Origins of Alliances* (Ithaca, NY: Cornell University Press).

بەرهەمێکی کاریگەرە لەبارەی زاڵبوونی مامەڵەی هاوسەنگانە لە سیاسەتی نێدەوڵەتیدا.

Waltz, K. N. (1979), *Theory of International Politics* (Reading MA: Addison-Wesley).

ئەم کتێبە بە ڕەگەزێك دادەنرێ، کە بنچینەکانی ڕیالیزمی بونیادی دیاری دەکات، بەڵام بە سروشتێکی ڕیالیزمی بەرگریخوازانە.

## چەند پێگەیەكی گرنگی ئەلیكترۆنی [بە زمانی ئینگلیزی]

چەند چاوپێكەوتنێك لەگەڵ ڕۆبێرت بیڤێرسۆن، جۆن مێرشایمێر، ستیڤن واڵت، كینز واڵتز.

http://globetrotter.berkeley.edu/conversations/alpha.html

دەروازەیەك بۆ ڕیالیزم.

http://www.geocities.org/virtualwarcollege/irrealism.htm

پێگەی (هاوپەیمانی لە پێناو سیاسەتێكی دەرەكی ڕیالیزمانە) هەوڵ دەدات سیاسەتی دەرەكی ئەمریكی بە ئاڕاستەیەكی ڕیالیزمانە پاڵ بنێ.

http://www.realisticforeignpolicy.org/

- سەردانی ناوەندی سەرچاوەی ئەلیكترۆنی هاوپێچی ئەم كتێبە بكە، بۆ دەستكەوتنی زانیاری زیاتر.

www.oxfordtextbooks.co.uk/orc/dunne4e/